**ژوری توێژینەوەی سیاسی**

**بزوتنەوەی گۆڕان**

# هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری ئیسلامی ئێران

## ١٩ی ئایاری ٢٠١٧

**نوسین و ئامادەکردنی: ئارام ساڵح کاکە**




**ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان**
Tel: 009647481505010
Email: research.gorran@gmail.com
**ئایاری ٢٠١٧**

# هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری ئێران

## ١٩ی ئایاری ٢٠١٧

**نوسین و ئامادەکردنی: ئارام ساڵح کاکە**

**ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان**

**Tel: 009647481505010**

**Email: research.gorran@gmail.com**

**ئایاری ٢٠١٧**

پێڕست

پێشەکی ........ ٢
سەرۆک کۆمار- ئێران ........ ٤
مەرجەکانی خۆ پاڵاوتن بۆ سەرۆک کۆماری ........ ٥
ئەنجومەنی پاراستن (شورای نگهبان) ........ ٥
مێژوو ........ ٦
ئەرکەکانی ئەنجومەن ........ ٦
دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پاراستن ........ ٧
کابینەی یەکەم و یەکەم سەرۆک کۆمار ........ ١٠
کابینەی دووەم و دووەم سەرۆک کۆمار ........ ١١
کابینەی سێیەم و چوارەم و سێیەم سەرۆک کۆمار ........ ١١
کابینەی پێنجەم و شەشەم و چوارەم سەرۆک کۆمار ........ ١٢
کابینەی حەوتەم و هەشتەم و پێنجەمین سەرۆک کۆمار ........ ١٣
کابینەی نۆیەم و دەیەم و شەشەمین سەرۆک کۆمار ........ ١٤
کابینەی یانزەیەم و حەوتەم سەرۆک کۆمار ........ ١٥
خاڵە بەهێزەکانی کابینەی یانزەیەم ........ ١٧
خاڵە لاوازەکانی کابینەی یانزەیەم ........ ١٨
بەرەکانی هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامی ئێران ........ ٢٠
ئوسوڵگەراکان (موحافیزکارەکان) ........ ٢١
دامەزراوەکانی موحافیزکارەکان ........ ٢٢
موحافیزکارەکان و هەڵبژاردنەکانی ٢٦ ی شوباتی ٢٠١٦ (١٣٩٤/١٢/٧) ........ ٢٣
ڕیفۆرم خوازەکان ........ ٢٣
ڕێکخستنەکانی ڕیفۆرمخوازەکان ........ ٢٤
شکستی موحافیزکارەکان ........ ٢٥
هاوپەیمانی ڕیفۆرمخوازەکانی ئێران ٢٠٠٧ ........ ٢٥
هەڵبژاردنی دەیەمین خولی سەرۆکایەتی کۆمار و ڕیفۆرمخوازەکان ........ ٢٦
هەڵبژاردنی خولی یانزەیەمی سەرۆکایەی کۆمار ........ ٢٧
هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی و خولی پێنجەمی ئەنجومەنی شارەزایان ........ ٢٧
هەڵەی گەورەی ڕیفۆرمخوازەکان ........ ٢٨
هەڵبژاردنی خولی دوانزەیەمی سەرۆک کۆمار ........ ٢٩
پاڵێوراوانی هەڵبژاردنی خولی دوانزەیەمی سەرۆکایەتی کۆمار ........ ٣٠
حەسەن ڕۆحانی ........ ٣٠
موحەمەد باقر قالیباف ........ ٣١
سەید ئیبراهیمی رەئیسی ........ ٣٢
سەید موستەفا میر سەلیم ........ ٣٤
ئیسحاق جەهانگیری ........ ٣٥
سەید موستەفا هاشمی تەبا ........ ٣٦
ئایا خولی دوانزەیەم دوایین خولی سەرۆکایەتی کۆمارە لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا؟ ........ ٣٧
سەرچاوەکان ........ ٤٠

## پێشەکی

ئێران بە واتای نیشتیمانی ئارياييەكان، وڵاتێكە دەكەوێتە باشوری خۆرئاوای كيشوەری ئاسيا و هەژدەيەمين وڵاتی جيهانە لە ڕووی ڕوبەرەوە(١،٦٤٨،١٩٥ كيلۆمەتر دوجا) وبە پێی دواييين سەرژمێری لە ساڵی ٢٠١٦، (٨٩،٩٢٦،٢٧٠) كەس دانيشتوانەكەيەتی هەڵبەت لەم ئامارەدا ژمارەی ئەو ئێرانيانە بوونی نيە كە لە دەرەوەی ئێران دەژين. هێزێكی مامناوەندی ناوچەيی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە پايتەختی سياسی و كلتوری و ئابوری ئەم وڵاتە شاری تارانە، خاوەنی گەورەترين گۆرەپانی گازی سروشتيە لە جيهانداو چوارەمين وڵاتە لە ڕووی يەدەگی نەوتی خاوەوە، ڕۆژی ١٩٧٩/٢/١١ پاش چەندين سەدە حوكمی پاشايەتی لە ئێران لە پاش سەرهەڵدانی ناڕەزايەتيەكان و هەڵگيرسانی شۆرشی گەلانی ئێرانەوە كۆتايی پێ هات.

بە درێژايی ڕووداوەكانی رابردوو لە خۆهەڵاتی ناوەڕاست، كەمترهەڵكەوتووە كە ئێران وەك بەشێك لە هۆكاری ئاڵۆزی يان چارەسەر ناوی نەهاتبێت، هەر لە شۆرشی جەمال عەبدولناسر، دامەزراندنی دەوڵەتی ئيسرائيل تا جيابوونەوەی بەحرەين كە چواردەيەمين پارێزگای ئێران بوو، دواتر شۆڕشی كۆماری لە عێراق و دواتريش پاڵپشتی كردنی كوردەكانی عێراق لە لايەن ئێرانەوە، بايەخ دان و يارمەتی دانی گروپە چەكدارە فەڵەستينيەكان بەردەوام ناوی ئێران هاتۆتە نێو پرس و باس و بابەتەكانەوە .

هەر لە پاش هاتنە سەركاری كۆماری ئيسلامی ئێران و دەست بەكار بونی حكومەتە راگوزەرەكەی ئەندازيار (مەهدی بازرگان) تا يەكەم هەڵبژاردن، ديدو بۆچوونی زۆر لە سەر بەڕێوەبردنی ئێران لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێران هەيە. وڵاتێكە كە ئەمڕۆ ڕابەرايەتی جەمسەرێكی بەهێزی بەشێك لە موسوڵمانانی جيهان دەكات. لە ڕووی هەرێمايەتيەوە زۆرترين سنوری لەگەڵ هەرێمی كوردستاندا هەيە بەردەوام كاريگەری ڕاستەوخۆی لەسەر سەرجەم شۆڕش و سەرهەڵدانە سياسەكانی كوردەكانی عێراق هەبووە، لە ماوەی دامەزراندنی كۆماری عێراق تا بە ئەمڕۆ، توانيويەتی خواستەكانی خۆی لەعێراق بە گشتی و هەرێمی كوردستان بەتايبەتی بهێنێتە دی.

بە پێويستمان زانيوە ئەم لێكۆڵينەوەيە بكەينە دەروازەيەك بۆ زياتر ئاشنابوون بە شێواز و چۆنيەتی حوكمڕانی كۆماری ئيسلامی ئێران، لە بەر هەنوكەيی بارودۆخی ئەو وڵاتە و نزيک بوونەوە لە دوانزەيەمين خولی هەڵبژاردنی سەرۆک كۆماری ئێران، بابەتی سەرۆک كۆمار و دەسەڵات و تايبەتمەنديەكان و ميكانيزمەكانی بەسەرۆک كۆمار بوون بخەينە بەرباس.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدراوە بە شێوەیەکی بێلایەنانە و تەنها دیدو بۆچوونە ناوخۆییەکانی ئێرانیەکانی بخاتە بەرباس (لەبەر ئەوەی پرسەکە لە ناوخۆدا یەکلا دەبیتەوە) لە ماوەی دەستپێکردنی ناوی ئەو کەسانەی کە خوازیاری خۆ کاندید کردن بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار بوون تا کۆتایی و بەر لە ڕاگەیاندنی کەسانی شایستە لە لایەن ئەنجومەنی پاراستنەوە، سی و پێنج کەسایەتیمان دەست نیشان کردو کە لەو سی و پێنج کەسەدا رێژەی (مەلا- پیاوانی ئاینی) تەنها ٢٠% . بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە مێژووی کۆماری ئیسلامی ئێران، زۆر بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە بەهای پیاوانی ئاینی لە ئێراندا زۆر زیاترە لەو رێژەیە. لە نێو ئەو سی و پێنج کەسەدا شەش کەس توانیان ڕەزامەندی ئەنجومەنی پاراستن بە دەست بهێنین و لە درێژەی باسەکاندا تیشک خراوەتە سەر پێشینە و دیدگاکانی هەریەک لەو کەسایەتیانە، لەبەر ئەوەی کە ئەم پرسە تایبەتە بە هاوڵاتیانی ئێرانیەوە بۆیە هەوڵدراوە بە سادەترین شێواز و دوور لە هیچ جۆرە دەمارگیرییەک زۆر بە کورتی تیشک بخەینە سەر هەموو ئەو بابەتانە کە لە هەڵبژاردن و سەرکەوتنی سەرۆک کۆماردا ڕۆڵ دەبینێت.

## سەرۆک کۆمار- ئێران

بەرزترین پلەی فەرمی وڵاتە لە دوای پۆستی ڕابەری ئێران کە بە دەنگی ڕاستەوخۆی خەڵکی هەڵدەبژێردرێت. بە پێی دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێران، سەرۆک کۆمار بەرپرسیارێتی جێبەجێ کردنی دەستووری هەمیشەیی و سەرۆکایەتی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی لە ئەستۆدایە، واژوو کردنی پەیمان نامەکان، ڕێککەوتنەکان و پرسی تایبەت بە وڵاتانی دیکە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، دانانی پلانی نیشتیمان، بودجە و دامەزراندنی حکومی و دانانی وەزیرەکان و پارێزگارەکان و باڵوێزەکان (بە دەنگی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی) لە دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمارن. هەروەها سەرۆک کۆمار لە ئێراندا سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتیمانی و سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ڕۆشنبیریە.

بە پێچەوانەی زۆرێک لە وڵاتان بۆ نمونە ویلایەتە یەکگرووەکانی ئەمریکا، لە ئێراندا نوسینگەی سەرۆک کۆمار چاودێری وکۆنترۆڵی تەواوی بەسەر سیاسەتی نیودەوڵەتی، هێزە چەکدارەکان و یان سیاسەتی ناوەکی ئێرانەوە نیە، ئەم بابەتانە ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێری ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئێراندان.

سەرۆک کۆماری، لە کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ ماوەی چوار ساڵ و بە دەنگی ڕاستەوخۆی دەنگدەرانی ئێران هەڵدەبژێردرێت و نابێت زیاتر لە دوو خولی یەک بە داوی یەکدا لەو پۆستەدا بمێنێتەوە.

لە هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی ئێران لە ١١ ی شوباتی ١٩٧٩ (٢٢ بهمن ١٣٥٧)و ڕوخانی ڕژێمی پەهلەوی و پاش چەسپانی حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران و لە بەرواری ٢-١٢-١٩٧٩ (١١ ی ئازەری ١٣٥٨) و کارکردن بە دەستوری هەمیشەیی ئێران تا بە ئەمڕۆ یانزە خولی هەڵبژاردن بۆ سەرۆک کۆمار بەڕێوە چووە، کە تیایدا ٧ کەس ئەم پۆستەیان بەڕێوە بردووە.

لە کاتی ڕودانی هەریەک لەم حاڵەتانە وەک مەرگ، لادان، دەست لە کارکێشانەوە دیارنەمان و نەخوشیەک کە کار بکاتە سەر نەمانی توانایی یاسایی خۆی، بە پێ ی مادەی ١٣١ دەستوری ئێران، جێگری یەکەم بە ڕەزامەندی ڕابەر دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمار دەگرێتە دەست و دەبێت لە ماوەی ٥٠ ڕۆژدا هەلومەرجەکانی هەڵبژاردنی داهاتوو (هەڵبژاردنی پێش وەخت) فەراهەم بکات. تاوەکو بەر لە هەمواری دەستوری هەمیشەیی لە هاوینی ١٩٨٨ ئەنجومەنی کاتی سەرۆکایەتی کۆمار دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆماری جێبەجێ دەکرد. ئەگەر هاتوو سەرۆک کۆمار جێگری یەکەمی نەبوو ئەوا ڕابەر کەسێک دەست نیشان دەکات بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمار بگرێتە ئەستۆ.

## مەرجەکانی خۆ پاڵاوتن بۆ سەرۆک کۆماری

**یەکەم**: دەبێت لە پیاوانی مەزهەبی (رجال) و سیاسی وڵات بێت، (لە بارەی وشەی رجل ـــەوە دوو ڕای جیاواز هەیە یەکێکیان بە واتای پیاو و ئەوی تریان بە واتای کەسایەتی گرنگ، بە پێی ئەم بڕگە هیچ ژنێک نابێتە سەرۆک کۆمار و لەماوەی ڕابردوودا ئەم بابەتە سەلمێنراوە).

**دووم**: دەبێت ئێرانیەکی ڕەسەن بێت.
**سێیەم**: دەبێت توانای بەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی هەبێت. ( مدیر و مدبر)
**چوارەم**: دەبێت پێشینەی پاک بێت و ئەمانەتداروبە تەقوا بێت.
**پێنجەم**: ئیماندار بێت و بڕوای بە بونیادی کۆماری ئیسلامی ئێران و ئایینی ڕەسمی کۆماری ئیسلامی ئێران هەبێت. (ئایینی فەرمی کۆماری ئیسلامی ئێران ئیسلام و مەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمامیە)

دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت، سەرجەم ئەو کەسانەی کە خۆیان بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار دەپاڵێون و مەرجەکانی سەرەوە لە خۆیاندا دەبیننەوە پاش خۆتۆمارکردن لە دەستەی هەڵبژاردنەکانی وەزارەتی ناوخۆ لیستی پاڵێوراوەکان لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە ئاراستەی "ئەنجومەنی پاراستن " (شورای نگهبان) دەکرێت و بە درێژایی حوکمڕانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەم ئەنجومەنە لە گشت هەڵبژاردنەکانی ئێراندا بە پشت بەستن بەو دەسەڵاتانەی کە هەیەتی و بە تایبەتی (پێناسەکانی نەبوونی شایستەیی پاڵێوراوەکان) ژمارەیەکی زۆر لە پاڵێوراوەکان لە هەڵبژاردنەکان دوور دەخەنەوە.

## ئەنجومەنی پاراستن (شورای نگهبان)

کاری سەرەکی ئەم ئەنجومەنە پاراستنی دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێرانە، یەکێکە لە یەکە چاودێرییەکانی سیستەمی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی ئێران، سەرجەم یاساکانی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی ئێران بەر لە ڕاگەیاندن دەبێت لە لایەن ئەم ئەنجومەنەوە پەسەند بکرێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە پێچەوانەی شەرع و دەستوری هەمیشەیی وڵات نەبێت، پەسەند کردنی شایستە بوونی پاڵێوراوەکانی سەرجەم هەڵبژاردنەکان بێجگە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شاروگوندەکان لە دەسەڵاتەکانی ئەم ئەنجومەنەیە.

ئەم ئەنجومەنە لە دوانزە ئەندام پێک دێت، کە شەش ئەندامیان ئەو پیاوە ئایینانەن (مەلا) کە ڕاستەوخۆ لە لایەن ڕابەرەوە دادەنرێن و لادەدرێن، شەش ئەندامەکەی تر ئەو یاساناسانەن کە لە لایەن سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەرییەوە بە پەرلەمان دەناسێنرێن و بە دەنگی ئەندامانی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێن. سکرتێری ئەنجومەنی چاودێری بەرزترین پلەی ئەم ئەنجومەنەیە کە لە ئێستادا "ئەحمەدی جەنەتی" ئەم پۆستەی پێ بەخشراوە (کەسایەتی ئایینی).

بە پێی بنەمای ٩٢ی دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێران ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە بۆ ماوەی شەش ساڵ هەڵدەبژێردرێن بەڵام لە یەکەمین خولدا و پاش تێپەڕبوونی سێ ساڵ نیوەی ئەندامانی دەگۆردرێن و ئەندامانی تازە دەبن بە جێگرەوەیان.

## مێژوو

پاش ڕوخانی سیستەمی پاشایەتی مەرجدار (نظام مشروطه) لە ئێران (نظامی مشروطه بە هاتنە سەر کاری کۆماری ئێسلامی ئێران هەڵوەشایەوە). باسەکان لەسەر دەستوری نوێ لە ئێراندا هاتەکایەوە، لەبەر ئەوەی زۆرینەی ئەندامانی لیژنەی نوسینەوەی دەستور لە خوێندکارەکانی وڵاتی فەرەنسا بوون و کاریگەری یاساکانی ئەو وڵاتەیان لەسەر بوو، بەمەبەستی چاودێری کردنی جێبەجێکردنی دەستوری ئێران دامەزراوەیەکی هاوشێوەی ئەنجومەنی دەستوری فەرەنسایان دامەزراندو ناوی ئەنجومەنی چاودێری دەستوری یان لێنا. پاشان ئەم ناوە لە ئەنجومەنی شارەزایان (مجلس خبرگان) گۆڕدرا بۆ ئەنجومەنی پارستن و لە دەقی ئێستای دەستوری ئێرانیدا بە هیچ شێوەیەک ناوی ئەنجومەنی پاراستنی دەستوور نەهاتووە، بەڵام بەوشێوەیەش هێشتا زۆرێک لە ڕاگەیاندنەکان وەک ئەنجومەنی چاودێری دەستور ناوی دەهێنن.

## ئەرکەکانی ئەنجومەن

یەکەمین ئەرکی ئەم ئەنجومەنە چاودێری یاساکانە لە ئەنجومەنی ئیسلامی (پەرلەمان) کاری ئەم ئەنجومەنە گونجاندنی ئەو یاسایانەیەکە لە پەرلەمانەوە دەنگی لەسەر دەدرێت، بەشێوەیەک کە لەگەڵ دەستوور و شەرعی ئیسلامدا یەکبگرنەوە. لە کاتی هاوتا بوونی یاسا پەرلەمانیەکە لەگەڵ دەستور و شەرعدا ئەوا یاساکە بە پەسندکراو ڕادەگەیەنرێت و ئەگەر هاتوو یاسا پەرڵەمانیەکە لەگەڵ شەرع و دەستوردا کۆک نەبوو ئەوا یاساکە لە لایەن ئەنجومەنی چاودێرییەوە ئاراستەی پەرلەمان دەکرێتەوەو بۆ ئەوەی پەرلەمان بەو تێبینی

یانەدا بچێتەوە کە لەلایەن ئەنجومەنەوە ئامازەی پێدراوە و لە ئەگەری پێداگری پەرلەمان لەسەر یاسایەک ئەوا یاسا پەرلەمانیەکە و کۆی تێبینیەکانی ئەنجومەنی پاراستن ئاراستەی ئەنجومەنی دیاری کردنی بەرژەوەندییەکان (مجلس تشخیص مصلحت نظام) دەکرێت بۆ یەکلاکردنەوەی.

دووەمین ئەرکی ئەم ئەنجومەنە چاودێری کردنی سەرجەم هەڵبژاردنەکانی وڵاتە و ئەم ئەنجومەنە بەرپرسە لە هەڵسەنگاندنی شایستەبوونی هەموو ئەو کەسانەی کە بۆ سەرجەم هەڵبژاردنەکان خۆیان کاندید دەکەن و پاش هەڵسەنگاندنیان ڕێگە بە کاندیدەکان دەدرێت بۆ بەشداری کردنیان لە هەڵبژاردنەکاندا.

## دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پاراستن

یەکێک لە مەرجەکانی سیستەمە گەل سالارەکان بنەمای دابەش بوونی هێزە، بە پێی ئەم بنەمایە حکومەت دابەش دەبێت بەسەر چەند لقێکی سەربەخۆ کە سنوری دەسەڵات و لێپرسراوێتی جیاواز لە یەک و سەربەخۆیان هەیە، لقەکانی دەسەڵاتداری بەگشتی دابەش دەبێت بە سەرسێ لق کە پێك دێت لە دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی دادوەری. هەرچەند کە جێبەجێ کردنی دابەش کردنی دەسەڵاتەکان لە حکومەت دا لە هەندێک ڕووە وە دەبێتە هۆی هێواش بەڕێوەچوونی، کارەکان بەڵام لە بەرامبەردا دەبێتە هۆی چەسپاندنی حاکمیەتی گەل و ڕێگری کردن لە سەرهەڵدانی نادادی و حوکمی تاک لایەنانە.
لە دەسەڵاتی یاسادانان‌دا، هاوتا لەگەڵ بنەمای(٩٤)ی دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێران ئەنجومەنی پاراستن دەسەڵاتی پەسەند کردن یان ڕەتکردنەوەی یاسا دەنگ لەسەردراوەکانی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی (پەرلەمان) هەیە هەروەها بە پێی بنەمای (٩٣)ی دەستور پەرلەمانی ئێران بە بێ ئەنجومەنی چاودێری هیچ یاسایەکی نابێت.
لە دەسەڵاتە دادوەرییەکاندا، بە پێی بنەمای ٩٨ی دەستور، ئەم ئەنجومەنە دەسەڵاتەکانی دادگای دەستوری هەیە، چونکە بە پێ ی ئەم بنەما ئەرکی شیکردنەوەی دەستور سپێردراوە بە ئەم ئەنجومەنە.
لە دەسەڵاتەکانی هەڵبژاردنەکاندا، بەپێی بنەمای (٩٩)ی دەستور ئەنجومەنی پاراستن ئەرکی چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان ئەنجومەنی شارەزایانی ڕابەری(خبرگان رهبری)

سەرۆکایەتی کۆمار، ئەنجومەنی شورای ئیسلامی (پەرلەمان) و ژماردنەوەی دەنگەکان و گشت پرسی لە ئەستۆدایە.

**لەم خشتەیەیدا ژمارەی سەرجەم پاڵێوراوەکانی پۆستی سەرۆک کۆمار دەخەینەڕوو؛**

| خولی هەڵبژاردن | بەرواری هەڵبژاردن | ژ.خوازیاران | ژ.ڕکابەر | ڕێژەی بەشداری | پاڵێوراوی سەرکەوتوو |
|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | ١٩٨٠/١/٢٥ | ١٢٤ کەس | ٩٦ | ٦٤.٤١ | ئەبولحەسەنی بەنی سەدر |
| دووەم | ١٩٨١/٧/٢٤ | ٧١ کەس | ٤ | ٤٦.٢٣ | محەمەد عەلی ڕەجایی |
| سێیەم | ١٩٨١/١٠/٢ | ٤٦ کەس | ٤ | ٧٤.٢٦ | سەید عەلی خامنەیی |
| چوارەم | ١٩٨٥/٨/١٦ | ٥٠ کەس | ٣ | ٥٤.٧٨ | سەید عەلی خامنەیی |
| پێنجەم | ١٩٨٩/٧/٢٨ | ٧٩ کەس | ٥ | ٥٤.٧٩ | ئەکبەری هاشمی ڕەفسەنجانی |
| شەشەم | ١٩٩٣/٦/١١ | ١٢٨ کەس | ٤ | ٥٠.٦٦ | ئەکبەری هاشمی ڕەفسەنجانی |
| حەوتەم | ١٩٩٧/٥/٢٣ | ٢٣٨ کەس | ٤ | ٧٩.٩٢ | سەید موحەمەدی خاتەمی |
| هەشتەم | ٢٠٠١/٦/٨ | ٨١٤ کەس | ١٠ | ٦٦.٧٧ | سەید موحەمەدی خاتەمی |
| نۆیەم | ٢٠٠٥/٦/١٧ | ١٠١٤کەس | ٨ | ٦٢.٨٤ | مەحمود ئەحمەدی نەژاد |
| | ٢٠٠٥/٦/٢٤ | ٢ کەس | ٢ | ٥٩.٧٦ | |
| دەیەم | ٢٠٠٩/٦/١٢ | ٤٧٦کەس | ٤ | ٨٤.٨٣ | مەحمود ئەحمەدی نەژاد |
| یانزەیەم | ٢٠١٣/٦/١٤ | ٦٩٦ کەس | ٦ | ٧٢.٩٤ | حەسەن ڕۆحانی |
| دوانزەیەم | ٢٠١٧/٥/١٩ | ١٦٣٦ کەس | ٦ | ؟ | ؟ |

بە وورد بوونەوە خشتەکە، دەردەکەوێت کە ڕێژەی بەشداری هاوڵاتیان لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆمار:

**یەکەم:** کەمترین ڕێژەی بەشداری هاوڵاتیان لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا بووە.

**دووەم:** زۆرترین ڕێژەی بەشداربوونی هاوڵاتیان لەخولی دەیەمدا بووە. ئەم خولە کە لە ساڵی ٢٠٠٩ بەڕێوەچووەو بە پڕدەنگدەرترین هەڵبژاردن ناسێنرا. هەرچەندە لە ئەنجامدا وەزارەتی ناوخۆ و ئەنجومەنی چاودێری "مەحمود ئەحمەدی نەژاد"ی بە براوە ڕاگەیاند، بەڵام بەرەی ڕیفۆرم خوازی ئێرانی، کە ئەو ڕۆژانە پشتیوانی لە "میر حسێن موسەوی" پاڵێوراو و ڕکابەری مەحمود نەژاد دەکرد، بە ئەنجام و میکانیزمی جیاکردنەوەی دەنگەکان ناڕازی بوون، بۆیە پاش ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان خۆپیشاندانەکان دژ بەئەنجامەکان دەستی پێکرد و پاش دوو ڕۆژ لە خۆپیشاندانەکان دروشمی خۆپیشاندەران گۆڕا بۆ داواکردنی ئازادی و دیموکراسی و داوای بەشێک لە خۆپیشاندەران لە سەرکار لاچوون و دژایەتی کردنی (سەید عەلی خامنەیی) بوو، سەرئەنجام هێزە چەکدارەکانی سەر بە سوپای پاسداران و هێزەکانی

ئاسایش خۆپیشاندانەکانیان بە تەواوەتی سەرکوت کرد و ژمارەیەکی زۆر لە خۆپیشاندەران دەستگیر کران، کە شێوازی لێکۆڵینەوە و هەڵسوکەوت لە گەڵ خۆپیشاندەران پرسیاری زۆری لای هاوڵاتیانی ئێرانی بە گشتی دروست کرد. لەو خۆپیشاندانانەدا (٧٢) کەس کوژران وهەردوو ڕکابەری هەڵبژاردنی "ئەحمەدی نەژاد"، "میر حسێنی موسەوی" و "مەهدی کەڕوبی" تا بە ئەمڕۆش لە ماڵەکەی خۆیاندا دەست بەسەر کراون و وەک زیندانی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت.

**سێیەم**: بە درێژایی مێژووی کۆماری ئیسلامی ئێران تەنها یەک خولی هەڵبژاردنەکان بەهۆی یەکلانەبوونەوەو یەکسانی دەنگەکان چووەتە قۆناغی دووەمەوە کە ئەویش خولی نۆیەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆمار بووە کە تیایدا هەریەک لە "مەحمود ئەحمەدی نەژاد" و "هاشمی رەفسەنجانی" ڕکابەری یەکتر بوون.

**چوارەم**: لە پاش دەرکەوتنی بەرەی ڕیفۆرمخوازی کۆماری ئسلامی ئێران، ڕێژەی بەشداری هاوڵاتیانی ئێرانی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆمار بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، کە ئەمەش چەند لێکدانەوەیەکی جیاواز هەڵدەگرێت، بەرەی ڕیفۆرم خوازی کۆماری ئیسلامی ئێران خۆیان بە هیوای داهاتووی ئێرانیەکان دەزانن، بەرەی ئوسوڵگەرا و لایەنگرەکانی ڕابەر سەرەڕای جەخت کردنەوەیان لە زۆرترین بەشداری هاوڵاتیان لە هەڵبژاردنەکان، بەڵام بەشداری بەرفراوانی ریفۆرم خوازەکان بە پلانی ناحەزانی کۆماری ئیسلامی دەزانن و بەردەوام کار بۆ لێدانی کەسایەتیە ڕیفۆرمخوازەکان دەکەن، ئۆپۆزسیۆنە مەنفانشینەکانی کۆماری ئیسلامی، خوێندنەوەیەکی جیاوازیان بۆ ئەم خاڵە هەیە، ئەویش ئەوەیە؛ کە ئێرانیەکان ماندوو بوون لە سیستەم و حوکمڕانی پیاوانی مەزهەبی و هەوڵ دەدەن سود لە هەر دەرچەیەک ببینن کە دوریان دەخاتەوە لە پیاوانی مەزهەبی یاخود هەژموونی پیاوانی کۆماری ئیسلامی لە سەر وڵات کاڵ بکاتەوە.

**پێنجەم**: بۆ بە پاڵێوراو بوون بۆ دوانزەیەمین خولی هەڵبژاردنەکانی ئێران ١٦٣٦ کەس ناوی خۆیان تۆمار کردووە کە ئەمەش بەرزترین ڕێژەی خواستە لەسەر پۆستی سەرۆک کۆمار لە مێژووی کۆماری ئیسلامی ئێران.

## کابینەی یەکەم و یەکەم سەرۆک کۆمار

"ئەبولحەسەنی بەنی سەدر" یەکەمین سەرۆک کۆمار بوو لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا، لە١٩٨٠/٢/٤و لە یەکەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار، سەرکەوتنی بە دەست هێنا و بوو بە یەکەمین سەرۆک کۆمار لە مێژووی ئێراندا، کابینەی حکومەتە راگوزەرەکەی بازرگانی هەڵوەشاندەوە، نەسروڵا بەنی سەدری باوکی لە پیاوانی مەزهەبی و هاورێی رۆحوڵا خومەینی بوو، پاش ئەوەی کە لە یەکەمین هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریدا وەک کاندیدی سەربەخۆ (لایەنگری ئیسلام گەرا چەپەکان و نەتەوەپەرەستە لیبراڵەکان) بەشداری هەڵبژاردنەکانی کرد و بە بەدەست هێنانی زیاتر لە دە ملیۆن و حەوت سەد هەزار دەنگ (٧٦%) بە یەکەم سەرۆک کۆماری ئێران هەڵبژێردا .

لە سەرەتای کاریدا ئایەتوڵا خومەینی پشتگیری لێ دەکرد، سەردەمی ئەو هاوکات بوو لەگەڵ ڕوداوەکانی سەرەتای شۆڕش و بە بارمتە گرتنی ئەندامانی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران و دەستپێکی جەنگ لەگەڵ عێراق و تێکچونی ئاسایشی ناوخۆیی و کێشە ناوخۆییەکانی ئێران، سەرئەنجام لە لایەن ئەنجومەنی شورای ئیسلامیەوە بە هۆی نەبوونی توانای بەڕێوەبردن لە پۆستەکەی دوور خرایەوە (١٧٧ دەنگی بەڵێ و ١٢ دەنگی سپی و ١ دەنگی نەخێر).

بەنی سەدر دژی بە یاسایی کردنی دەسەڵاتی پیاوانی مەزهەبی ئێران بوو دە ڕۆژ پێش لێسەندنەوەی متمانە لێی، ئایەتوڵا خومەینی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی هێزە چەکدارەکانی لێ وەرگرتەوە و خستیە ژێر فەرمانی خۆیەوە (تابە ئەمڕۆش سەرۆکایەتی هێزە چەکدارەکان تەنها لای ڕابەرە) کاتێک بەنی سەدر لە بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانی دژ بە نەیارەکانی بێ هیوا بوو، بوو بە هاوپەیمانی ڕێکخراوی موجاهدینی خەلق کە ڕێکخراوێکی سیستەماتێک و خاوەن پێگە بوون و ڕەخنەی زۆریان لە حکومەت هەبوو لە پاش لادانی لە پۆستەکەی تا بە ئەمڕۆ بەنی سەدر لە وڵاتی فەرنسا دەژی و درێژە بە دژایەتی کردنی کۆماری ئیسلامی ئێران دەدات.

| سەرۆک وەزیران | دەوڵەت (کابینە) | لایەنی سیاسی | کۆتایی | دەست بەکار بوون | سەرۆک کۆمار |
|---|---|---|---|---|---|
| موحەمەد عەلی ڕەجایی | یەکەم | سەربەخۆ | ١٩٨١/٦/٢٠ | ١٩٨٠/١/٢٥ | سەید ئەبولحەسەنی بەنی سەدر (١٩٣٣ -- لە ژیاندایە) |

پاش لادانی بەنی سەدر، ئەنجومەنی کاتی سەرۆک کۆمار، کە ئەوکات و پێش هەمواری دەستور لە ساڵی ١٩٨٩ سەرۆک وەزیران سەرۆکایەتی ئەنجومەنی کاتی رابەر دەسەڵاتەکانی

سەرۆک کۆماری سپارد بە "موحەمەد عەلی ڕەجایی" و ناوبراوی ڕاسپارد بۆ ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی پێش وەخت.

## کابینەی دووەم و دووەم سەرۆک کۆمار

موحەمەد عەلی ڕەجایی بە بەدەست هێنانی زیاتر لە سیانزە میلیۆن دەنگ (٩٠%) بۆ بە کاندیدی سەرکەوتووی هەڵبژاردنی دەوڵەتی دووەم لە ١٩٨١/٧/٢٤. هەرچەند کە ڕەجایی کاندیدی سەربەخۆ بوو، بەڵام حیزبی جمهوری ئیسلامی پشتگیری لێ دەکرد و تەنها ٢٨ ڕۆژ پاش دەست بەکار بوونی وەک سەرۆک کۆماری ئێران، لە ڕوداوی تەقاندنەوەی نوسینگەی سەرۆک وەزیران دا تیرۆر کرا، ڕێکخراوی موجاهدینی خەلقی ئێرانی تیرۆری ڕەجایی و تەقاندنەوەی نوسینگەی سەرۆک وەزیرانی لە ئەستۆگرت.

| سەرۆک کۆمار | دەست بەکار بوون | کۆتایی | لایەنی سیاسی | دەوڵەت (کابینە) | سەرۆک وەزیران |
|---|---|---|---|---|---|
| موحەمەد عەلی ڕەجایی ١٩٣٣---١٩٨١ | ١٩٨١/٧/٢٤ | ١٩٨١/٨/٣٠ | سەربەخۆ | دووەم | موحەمەد جەواد باهونەر |

لە پاش ڕەجایی "محمد رضا مهدوی کەنی" سەرۆکایەتی ئەنجومەنی کاتی سەرۆکایەتی کۆماری گرتە دەست.

## کابینەی سێیەم و چوارەم و سێیەم سەرۆک کۆمار

"سەید عەلی خامنەیی" بە بەدەست هێنانی زیاتر لە پانزە میلیۆن و نۆسەد هەزار دەنگ (٩٥%) لە خولی سێیەمی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لە ١٩٨١/١٠/٢هەڵبژێردرا، جارێکی تر و بۆ هەڵبژاردنی خولی چوارەمی سەرۆک کۆمار لە ١٩٨٥/٨/١٦و پاش بە دەست هێنانی زیاتر لە سیانزە میلیۆن دوسەد هەزار دەنگ (٨٥%) بۆ دو خولی یەک لە دوای یەک بوو بە سەرۆک کۆماری ئێران.

لەم هەڵبژاردنەدا ئەنجومەنی چاودێری بڕیاریدا ڕێگە بە هیچ کەسایەتیەک نەدات کە ئایدۆلۆژیای جیاواز لە کۆماری ئیسلامی پەیڕەو بکات کە خۆی بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار بپاڵێوێت، سەردەمی سەرۆک کۆماری خامنەیی ڕۆژگاری شەڕی ئێران و عێراق بوو و باڵی

جمهوری ئیسلامی بەهێز بوو، لەو ڕۆژگارەدا خامنەیی لە ڕوخساردا تا ڕادەیەک میانڕەوەکان بوو، پاش مەرگی ئایەتوڵا خومەینی، خامنەیی هەڵبژێردرا بە ڕابەر و بۆ ماوەیەکی کەم هەردوو پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار و ڕابەری کۆماری ئیسلامی بەڕێوە دەبرد، ئەو لەگەڵ وازهێنانی لە پۆستی سەرۆک کۆمار داوای لە میرحسێنی موسەوی کرد کە تا هاتنە سەر کاری دەوڵەتی نوێ وەک سەرۆک کۆمار درێژە بەکارەکانی بدات. ئەم خولە ٤٥ ڕۆژ پێش وادەی خۆی کۆتایی پێهات.

| سەرۆک وەزیران | دەوڵەت (کابینە) | لایەنی سیاسی | کۆتایی | دەست بەکار بوون | سەرۆک کۆمار |
|---|---|---|---|---|---|
| میر حسێنی موسەوی | سێیەم چوارەم | حیزبی کۆماری ئیسلامی و کۆمەڵەی مەلا تێکۆشەرەکان | ١٩٨٥/٨/١٦<br>١٩٨٩/٧/٢٨ | ١٩٨٠/١/٢<br>١٩٨٥/٨/١٦ | سەید عەلی خامنەیی ١٩٣٩---- لە ژیاندایە |

## کابینەی پێنجەم و شەشەم و چوارەم سەرۆک کۆمار

"ئەکبەری هاشمی ڕەفسەنجانی" بە بەدەست هێنانی زیاتر لە پانزە میلیۆن و پێنج سەد هەزار (٩٤%) لە ١٩٨٩/٧/٢٨ بوو بە سەرۆک کۆمارو سەرۆکی کابینەی پێنجەم، جارێکی تر و لە خولی شەشەمی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لە ١٩٩٣/٦/١١ و پاش بە دەست هێنانی زیاتر لە دە میلیۆن و پێنج سەد هەزار دەنگ (٦٣%) جارێکی تر بوو بە سەرۆک کۆماری ئێران.

لەسەرەتای دەست بەکاربوونی وەک سەرۆک کۆمار لەبەر ئەوەی کە جەنگی عێراق و ئێران تازە کۆتایی پێ هاتبوو و وڵات ڕیبەرایەتی ڕابەرێکی نوێی بە خۆیەوە دەبینی، ئێران کەوتبووە قۆناغێکی نوێوە هەر لەسەرەتای هاتنە سەر کاری خامنەیی بڕیاردا بە هەموار کردنەوەی دەستور و هەڵوەشاندنەوەی پۆستی سەرۆک وەزیران و لەم سەردەمەدا بە هۆی هاوسەنگی باڵی چەپ و ڕاست بەرەیەکی میانڕەوی پراگماتیست دروست بوو. لە سەردەمی سەرۆکایەتی ڕەفسەنجانیدا و بە هۆی کۆتایی هاتنی جەنگی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق، ئەو ساڵانە ناونرا سەردەمی بونیادنانەوە. پرسی سەرەکی حوکمڕانی بوو بە بونیادنانەوەی وڵات پاش شەر و برەودانی ئابوری وڵات.

لە ڕوداوەکانی سەردەمی سەرۆک کۆمار "ڕەفسەنجانی" گرتن و کوشتنی کەسایەتییە ناڕازییەکانی ناوخۆ و سپاردنی زۆرێک لە سەرچاوە ئابووەییەکانی ناوخۆ بە سوپای پاسداران و تیرۆرە نێودەوڵەتیەکان لەوانە تیرۆری سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی ئێران لەوانە قاسملو و شاپور بەختیار و شەرەفکەندی و هومایونی ئەردەلان و ......هتد، لە سەر ئاستی ناوخۆش دەستپێکی زنجیرە تیرۆرە ناوخۆییەکان بوون.

| سەرۆک کۆمار | دەست بەکار بوون | کۆتایی | لایەنی سیاسی | دەوڵەت (کابینە) | سەرۆک وەزیران |
|---|---|---|---|---|---|
| عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی ١٩٣٤ --- ٢٠١٦ | ١٩٨٩/٨/٢٧ ١٩٩٣/٦/١١ | ١٩٩٣/٦/١١ ١٩٩٧/٥/٢٣ | کۆمەڵەی مەلا تێکۆشەرەکان | پێنجەم شەشەم | حەسەن حەبیبی |

## کابینەی حەوتەم و هەشتەم و پێنجەمین سەرۆک کۆمار

"سەید موحەمەدی خاتمی" پاش بە دەست هێنانی زیاتر لە بیست میلیۆن و سەد هەزار دەنگ (٦٩%) لە خولی حەوتەمی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار، لە بەرواری ١٩٩٧/٥/٢٣وەک براوەی هەڵبژاردنەکە و پێنجەمین سەرۆک کۆماری ئێران ڕاگەیەندرا، جارێکی تر و لە بەرواری ٢٠٠١/٦/٨ و پاش بە دەست هێنانی زیاتر لە بیست و یەک میلیۆن و شەش سەد هەزار دەنگ (٧٧%) جارێکی تر بۆ خولی هەشتەم بووبە سەرۆک کۆمار، لەگەڵ دەستپێکردنی ئەو، کابینەکەی ناونا (خولی چاکسازی) و وتوێژی شارستانیەتەکان و نەهێشتنی گرژییە سیاسیەکان لەسەر ئاستی نێودەڵەتی یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم دەوڵەتە بوو، لە سەر پرسە ناوخۆییەکانیش برەودان بە ئازادییە مەدەنیەکان لە چوارچێوەی دەستوردا یەکێکی تر بوو لەو هەنگاوانەی کە لە لایەن شەقامی ئیرانی بەتایبەت نوسەر و ڕۆژنامە نووسان و هونەرمەندان و لاوانەوە پێشوازی لێکرا.

لەگەڵ دەست بەکاربونی خاتەمیدا ئەنجومەنی پاراستن بڕیاریدا بە وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکان لە سەرۆک کۆمار کە لە خولەکانی پێشتردا سەرۆک کۆمار سەرۆکی ئەم ئەنجومەن بوو، لەو بەروارە تا کاتی مردنی هاشمی رەفسنجانی سەرۆ کۆماری پێشوو سەرۆکی ئەم ئەنجومەنە بوو.

لە دیارترین لاوازییەکانی کابینەکەی خاتەمیدا دەتوانین ئاماژە بەم چەند خاڵە بکەین؛

**یەکەم**: پەلاماردانی حەرەمی زانکۆکان لە لایەن سوپاوە.

**دووەم**: زنجیرە تیرۆرەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ.

**سێیەم**: ڕازی نەبوونی زانایان لە شیوازی حوکمڕانی بە جۆرێک کە پاش زیاتر لە بیست ساڵ جارێکی تر کەسایەتییە دیارەکان ئێرانیان بە جێ دەهێشت، کە ئەم ڕوداوە ناونرا (هەڵهاتنی مێشکەکان).

| جێگری یەکەم | دەوڵەت (کابینە) | لایەنی سیاسی | کۆتایی | دەست بەکار بوون | سەرۆک کۆمار |
|---|---|---|---|---|---|
| موحەمەد ڕەزا عارف | حەوتەم هەشتەم | کۆمەڵەی مەلا تێکۆشەرەکان | ٢٠٠١/٦/٨ ٢٠٠٥/٦/١٧ | ١٩٩٧/٥/٢٣ ٢٠٠١/٦/٨ | سەید موحەمەد خاتەمی ١٩٥٣--- لە ژیاندایە |

## کابینەی نۆیەم و دەیەم و شەشەمین سەرۆک کۆمار

"مەحمود ئەحمەدی نەژاد" لە قۆناغی دووەمی خولی نۆیەمی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار، لە ٢٠٠٥/٦/٢٤ و بە بەدەست هێنانی زیاتر لە حەڤدە میلیۆن و سێ سەد هەزار دەنگ (٦٣%) بوو بە شەشەمین سەرۆک کۆماری ئێران، هەرچەند هەتا کۆتایی قۆناغی یەکەم هیچ یەک لە سێ حیزبی کۆمەڵەی فیداکارانی شۆڕش و کۆمەڵی ئیسلامی ئەندازیاران و هاوپەیمانی ئاوەدانکەرەوەکانی ئێرانی ئیسلامی پشتگیرییان لە ئەحمەدی نەژاد نەکرد، بەڵام لە قۆناغی دووەمدا ئەحمەدی نەژاد بوو بە کاندیدای ئەم سێ حیزبە، لە قۆناغی یەکەمدا "موحەمەد باقری قالیباف" کاندیدای کۆمەڵەی فیداکارانی شۆرشی ئیسلامی و "عەلی لاریجانی" لە پشتیوانیەکانی کۆمەڵی ئیسلامی ئەندازیاران بەرخوردار بوو و هاوپەیمانی ئاوەدان کەرەوەکانی ئێران، لە قۆناغی یەکمدا پشتیوانی لە هیچ کاندیدایەک نەدەکرد. شایەنی باسە کە بە درێژایی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران تا ئەمڕۆ تەنها نۆیەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆمار چووەتە قۆناغی دووەمەوە.

لە قۆناغی دووەمی هەڵبژاردن "هاشمی رەفسەنجانی" کەسایەتی دیاری ریفۆرمخوازەکان ڕکابەری بوو بۆ بە دەست هێنانی زۆرترین دەنگ.
بۆ جاری دووەم و لە بەرواری ٢٠٠٩/٦/١٢ پاش بە دەست هێنانی زیاتر لە بیست و چوار میلیۆن و پێنج سەد هەزار دەنگ (٦٣%) بە سەرکەوتووی دەیەم خولی سەرۆکایەتی کۆمار هەڵبژێردرا.

| دەوڵەت (کابینە) | لایەنی سیاسی | کۆتایی | دەست بەکار بوون | سەرۆک کۆمار |
|---|---|---|---|---|
| نۆیەم و دەیەم | فیداییانی شۆڕش – ئەندازیارانی ئیسلامی –ئاوەدان کەرەوەکان | ٢٠٠٩/٦/١٢ ٢٠١٣/٦/١٤ | ٢٠٠٥/٦/٢٤ ٢٠٠٩/٦/١٢ | مەحمود ئەحمەدی نەژاد ١٩٥٥ ---- لە ژیاندایە |

## کابینەی یانزەیەم و حەوتەم سەرۆک کۆمار

"حەسەن ڕۆحانی" کە پاڵێوراوی بەرەی ڕیفۆرمخوازی ئێرانی بوو و بە تایبەتی کە دوو سەرۆک کۆماری پێشووتر (ئەکبەری هاشمی رەفسەنجانی و سەید موحەمەدی خاتەمی) پشتگیریان لێ دەکرد توانی لە بەروار ٢٠١٣/٦/١٤ و پاش بە دەست هێنانی هەژدە میلیۆن و شەش سەد هەزار دەنگ (٥١%) دەنگەکان وەک سەرکەوتووی ئەم خولەی هەڵبژاردنەکان ڕاگەیەندرا و دەوڵەتەکەی ناو نا دەوڵەتی (چارەسەر و هیوا).

لەم خشتەیەدا دیارترین خاڵە لاوازەکانی سێ سەرۆک کۆماری پێش رۆحانی خراونەتە روو؛



## هاشمی ڕەفسەنجانی

- خود میحوەری (کارنەکردن بە ڕاسپاردەی کەسانی پسپۆڕی ناوخۆیی و ئامارەکانی بانکی جیهانی).
- ڕوبەڕوو بوونەی ناشایستە لە گەڵ ڕەخنەگرە ناوخۆییەکان لە حکومەتدا، زۆرێک لە کاربەدەستان لە کارەکانیان دوور خرانەوە.
- کارکردن بە کەشی چەقبەستووی سیاسی و کلتووری مانەوە لە بازنەی بەڕیوەبردنی خولەکانی پێشوو و گوێ نەدانە خواستەکانی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە.
- سەربەست کردنی کاربەدەستەکانی هەواڵگری لە پرسە سیاسی و ئابوری و فەرهەنگیەکاندا .
- ڕێگری کردن لە هاتنە ناوەوەی خواست و خوازە زانستیەکان و ڕێگریکردن لە پێشکەوتنی زانستە تەکنەلۆژییەکانی وڵات لە ساڵانێکیشدا ڕوبەڕووبوونەوەی زۆر توند لە گەڵ بەکارهێنەرانی تەکنەلۆژیا. بە جۆرێک کە لە ساڵانی سەرۆک کۆمار بوونیدا زۆرترین نوسەر و زانای ئێرانی وڵاتیان بۆ هەمیشە بەجێ هێشت.
- گوێ نەدانە دۆخی دادپەروەری ئابووری گشتی و بە قۆرخ کردنی زۆربەی سەرچاوە ئابوورییە گشتیەکان بۆ چەند کەس یان کەسانێک .
- کەشی چەقبەستووی ڕۆژنامەنووسی و دانانی ئاستەنگی جۆراوجۆر لە بەردەم ڕۆژنامەنووساندا.



## محەمەد خاتەمی

- ووتنەوەی دروشمی چاکسازی خوازانە بەڵام توانای ڕوبەڕووبوونەوەی لەگەڵ سەرچاوەکانی گەندەڵیدا نەبوو.
- کەمی بەرهەم هێنانی ناوخۆیی (پەیوەست بوونی لە ڕادەبەدەر بە داهاتی نەوت).
- گوێ نەدان بە شایستە داراییەکانی مامۆستایان فەرمانبەران و کرێکاران .
- نەتوانین لە بە دامەزراوەکردنی بەرهەم هێنانە ناوخۆییەکاندا کە دەکرا پەیوەست بوون بە داهاتی نەوت کەم بکاتەوە.
- ئەنجام نەدانی چاکسازی لەو ناوەندانەدا کە لە هەڵبژاردنەکاندا دروشمی سەرەکی ریفۆرمخوازەکان بوون. لەوانە داهاتی شایستە بۆ هاوڵاتی ئێرانی و لادانی ئاستەنگەکان لە بەردەم نوسەر و زانا و ڕۆنامەنووسان.
- لاوازی تیمە دیپلۆماسیەکانی دەوڵەت لە بەرامبەر تیمە نێودەوڵەتیەکان.
- لاوازی لە کارەکانیدا بە جۆرێک کە دەسەڵاتەکانی وەک سەرۆک کۆمارێک نەبوو.
- بوێر نەبوون لە جێبەجێکردنی خواستەکانی ریفۆرمخوازەکان و ڕوبەڕووبونەوەی ڕێگرەکان .



## مەحمود ئەحمەدی نەژاد

- خستنە ڕووی ئاماری نادروست لە سەرجەم بابەتەکان .
- دوژمن سازی لە ناوخۆ و دەرەوە بۆ درێژەدان بە ماوەی سەرۆکایەتیەکەی .
- بایەخ نەدان بە نادادی لە شایستە داراییەکانی هاوڵاتیان بە گشتی و موچەخۆرە حکومیەکان بە تایبەتی.
- چاپ کردنی دراو بە بێ پشتیوانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی .
- تەنها برەودان بە هێزی سەربازی لا گرنگ بوو.
- هەست کردن بە بێ ڕکابەری لە ئێراندا بە تایبەت لە پێنج ساڵی کۆتایی سەرۆک کۆماریدا.
- بەڕێوەبەرێتی لاواز بەڵام بوێر (هاوڵاتیان قوربانی بێ پلانی سەرۆک کۆمار بوون )
- لاواز کردن و لە هەندێ کاتدا سست کردنی کەرتی تایبەت .
- کار نەکردن بە یاسا بە چەشنێ کە لە زۆرکاتدا بۆ سەر گرتنی پلانەکانی یاسای خۆسەرانەی بەکار دەهێنا.
- دابڕاندنی ئێران لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.
- ڕاوێژکردن لە بەڕێوەبردنی وڵات لە ناوخۆدا تا ئاستی نەمانی ڕاوێژ کەمی کرد و بڕیارەکان بوون بە بڕیاری خۆسەرانە.
- کۆنترۆڵ نەکردنی بازار و گوێ نەدانە هاوردەکردنی کاڵای بیانی کە ئەمەش مایەپوچی زۆر کارگەی لێکەوتەوە کە لە ئەنجامدا زۆر هاوڵاتی هەلی کارکردنی لە دەستدا.

لەبەر هەنوکەیی بوونی ئەم بابەتە و نزیک بوونەوەی دوانزەیەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لە ئێران و پەیوەست بەوەی کە لە ئێستادا "حەسەن ڕۆحانی" لە کۆتایی چوار ساڵی یەکەمی سەرۆک کۆماری ئێران نزیک دەبێتەوە، بە پێی دوایین ڕاگەیەندراوی

ئەنجومەنی پاراستن، ناوبراو یەکێکە لەو شەش کەسەی کە خۆی بۆ دوانزەیەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار پاڵاوتووە بۆیە لە خوارەوە گرنگترین خاڵە لاواز و بەهێزەکانی روحانی دەخەینە بەر باس:

## خاڵە بەهێزەکانی کابینەی یانزەیەم

**یەکەم**: کەم کردنەوەی هەڵئاوسانە بەردەوامەکان لە ئابووری ئێراندا ئەم هەڵئاوسانانە لە ئەنجامی هەڵە بەڕێوەبردنی وڵات هاتە کایەوە، لە کابینەی مەحمودی ئەحمەدی نەژاد، کوڵ نەدانی کابینەی یانزەیەم لە جێ بە جێ نەکردنی ئەو خواستانەی کە لەلایەن کەسانێکی تایبەتەوە خواستی زیاد کردنی دراویان لە بازاردا هەبوو.
کەمکردن و نزیک کردنەوەی نرخی سودە بانکیەکان لە ڕێژەکانی هەڵئاوسان بە چەشنێک کە سودە بانکیەکانی بە ئەندازەی ڕێژەی هەڵئاوسانەکان هێنایە خوارەوە، واتە هەرچەند ڕێژەی هەڵئاوسان بوایە هەمان ڕێژە لە سودەکان کەم دەکرایەوە.
**دووەم**: فراوان کردنی سیستەمی تەندروستی بە چەشنێک کە کاری بە سیستەمی پێشوو کە بە سیستەمی پزیشکی خێزان ناسێنرا بوو نەکرا، داشکاندنی نرخی دەرمان و خستنە بەردەستی زۆرترین دەرمان لە ڕێگەی بیمەکانەوە، بە هاوکاری وەزارەتەکانی بوژانەوەو کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و هەموو ئەو بەڕێوەبەرایەتیە ئابوورییانەی حکومەت توانرا هاوڵاتیانی ئێرانی لە هەلومەرجە نالەبارە تەندروستیەکان کە بەمیرات لە کابینەی پێشوو بۆی بە جێمابوو ڕزگار بکات.
**سێیەم**: هەوڵەکان لە دانوستانە ئەتۆمیەکەی وڵات، لە خاڵە هەرە بەهێزەکانی کابینەی یانزەیەم لە مێژووی ئێراندا بوو، بەدەر لە هەموو ڕەخنە ناوخۆیی و دەرەکییەکان ڕۆحانی توانی کۆتایی بەو وێنا شەیتانیانە بهێنێت کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە سەر پێشکەوتنە ئەتۆمیەکەی ئێران هەیبوو. شارەزایی خودی ڕۆحانی لە سەر دانوستانەکان و کاری کۆمەڵەی ٥+١ و هەروەها دەست نیشانکردنی تیمێکی لێهاتوو بۆ دانوستانەکان، دیاری کردنی کەمترین کات لە کۆبوونەوەیەک بۆ کۆبوونەوەیەکی تر و پێداگریکردن لە سەر هێڵە سوورەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە خاڵە هەرە ئەرێنیەکانی کابینەکەی ڕۆحانی بوو.
**چوارەم**: هەڵنەوەشاندنەوەی دەرماڵە خێزانیەکان، هەرچەند کە کابینەی پێشوو کاری بۆ ئەوە دەکرد، دەرماڵەی هەندێک لە خێزانە ئێرانیەکان، کە مانگانە بڕە پارەیەکی دیاریکراوە، ببڕدرێت بەڵام کابینەکەی ڕۆحانی خوێندنەوەیەکی دروستی بۆ ئەو بابەتە کرد، لەبەر ئەوەی وڵاتیان بە خاوەن بانکێکی دروستی زانیاری ئابووری نەزانی، بۆیە خۆیان لەو

ڕەخنانە دوورخستەوە کە ئەبوو دەرماڵەی زۆر خێزان ببڕدرێت ئەمەش کاریگەری لەسەر ڕاگرتنی فشاری ئابووری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە بە گشتی و ژمارەیەکی زۆر خێزانی ئێرانی بەتایبەتی بوو.

**پێنجەم**: داوای لێبوردن کردنی سەرۆک کۆمار لە هاولاتیانی ئێرانی، بەوپێیەی کە لە سیستەمی حوکمرانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا ڕووی نەداوە، کە هیچ بەرپرسێک لە پای ئەنجام نەدان یان بە هەڵە ئەنجامدانی کارێکی داوای لێبوردن لە هاولاتیان بکات، لەسەر شێوزای دابەشکردنی بەشە خۆراکی مانگانەی هاولاتیانی ئێرانی و بە شایستە نەزانینی ئەو جۆر و برەو شێوازی دابەشکردنەکان و زیانمەند بوونی هاولاتی ئێرانی، رۆحانی بە فەرمی داوای لێبوردنی لە هاولاتیان کرد. ئەم شێوازە لە ووتار لە کەشی سیاسی ئیرانیدا پێشوازی زۆری لێکرا.

**شەشەم**: کارکردن لەگەڵ دەسەڵاتەکانی تردا، لە کاتێکدا کە کابینەی پێشوو بەهۆی هەڵسوکەوتی هەڵە گرفتی زۆری لە ماوەی ساڵی کۆتایی کابینەکەدا لەگەڵ ئەم بابەتدا هەبوو، بەڵام کابینەکەی ڕۆحانی هاوکاری باشی لەگەڵ هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەریدا هەبوو و دەتوانین لە دیارترینی ئەم هاوکاریانەدا ئاماژە بکەین، بە هەناردەکردنی لە کاتی یاسای بودجە و پاشان هاوکاری خێرای کابینەکەی بۆ ڕوونکردنەوە لەسەر هەمان پرس لە پەرلەمان.

## خاڵە لاوازەکانی کابینەی یانزەیەم

**یەکەم**: گۆرینی بەرفراوان و خێرای بەڕێوەبەرەکان، هەڵمەتێکی سەرۆک کۆمار کە تا ئێستاش بەردەوامە و زۆرترین بەرێوەبەرەکانی کابینەی پێشوو دوور خراونەتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە دروشمی ئەمساڵی سەرۆک کۆمار جیهادی بەڕیوەبردنە و ڕەخنەی زۆری بە دوای خۆیدا هێناوە، بە جۆرێک لە بری ڕاکێشانی ئەم بەڕێوەبەرانە بەلای ڕیفۆرم خوازەکان بێ منەتانە لە بازنەی موحافیزکارەکانەوە دانراون و دوور دەخرێنەوە.

**دووەم**: کێشە لەگەڵ ڕەخنەگرەکانی کابینەکە، ڕوبەڕووبوونەوەی توندی هەر ڕەخنەیەک کە بە هەر مەبەستێک و لە ژێر هەر پۆشاکێکدا کە لە هەر حەوزەیەکدا (سیاسی بێت یان ئابووری یان ڕۆشنبیری و یان .......) لە حکومەت بگیرێت کە کێشەی سەرەکی ڕۆحانی لەگەڵ کەسایەتیە دیارەکان بە تایبەتی مامۆستایانی زانکۆیە، هەڵبەت زۆرێک لە ڕەخنەکانیش لە سەر دوور کەوتنەوەی دەوڵەتە لە بنەماکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانین، ڕەخنەگرەکان پێیان وایە ڕێگری نەکردنی دەوڵەت لە هێنانی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیا و گەشەی تەکنەلۆژیا بە

ئازادی (بە ووتەی ڕەخنەگەرەکان) و قەدەغەنەکردنی کەناڵە بیانیەکان و فیلتەر نەکردنی هەندێک تۆڕی کۆمەڵایەتی (بە تایبەتی تێلێگرم کە ٢٥ میلیۆن بەکاربەری ئێرانی لە ناوخۆی ئیراندا هەیە) و نەبوونی ئیرادەی ڕوبەڕووبوونەوەی ئەو کەسانەی کە سوکایەتی بە مەلاکان و پیاوانی مەزهەبی دەکەن لەو تۆڕە کۆمەڵایەتیانەدا، ئەمەش بەردەوام موحافیزکارەکان لە ڕۆحانی دوو دەخاتەوە.

**سێیەم:** دابەشکردنی هاولاتی بە دووبەشی سەرەکی، ئەوانیش دەنگدەرەکانی رۆحانی و دەنگدەرەکانی ترن، ئەم شێوازە دابەشکارییانە لە ووتارەکانی سەرۆک کۆمار و وەزیرەکانیدا بە زەقی دیارن، کە کۆمەڵگە دابەش دەکەن بە سەر دوو بەرەی پشتیوانەکانی دەوڵەت و پشتیوانە ئیفرات گەراکان، هەرچەند پاشگری ئەم ووتارانە یەکێتی ئێرانیەکانە، بەڵام لە دیدی بەشێک لە ریفۆرمخوازەکان و موحافیزکارەکانیشەوە بەرهەمی دوو بەرەکی دەبێت.

**چوارەم:** پەلەکردن لە ئەنجامدانی کارەکاندا، بە جۆرێک کە بەر لەوەی دەوڵەت بیەوێت کارێک ئەنجام بدات، بەرلەوەی پەرلەمان ڕێگە بە ئەنجامی کارێک بدات حکومەتەکەی رۆحانی لە ڕێگا جۆر بەجۆرەکانەوە جاڕی ئەنجام و دەستکەوتەکانی دەدات، لە کاتێکدا ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە لە ئەنجامی متمانە نەدانی پەرلەمان بەو کارە دەبێتە خاڵی شکستی دەوڵەت لە دیدی هاولاتیەوە.

**پێنجەم:** هەوڵ نەدان بۆ مسۆگەر کردنی تەندروستی ئابووری، بایەخ نەدان بە شەفافیەتی ئابووری حکومی و کەرتی تایبەت، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئێران دەیەوێت خۆی لە پشت بەستن بە داهاتە نەوتیەکان دوور بخاتەوە، بەڵام سەرۆک کۆمار خۆی ئەم کارە بە سەر بردنە نێو ماڵی خەڵکی وەسف دەکات. هاولاتیانی ئێرانی بەردەوام لە ماوەکانی ڕابردوودا بە دەست نادادی لە دیاریکردنی نرخی باجەکاندا ناڵاندوویانە.

## بەرەکانی هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامی ئێران

هەرچەندە کە لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا بەردەوام جیاوازی بیرکردنەوە و بەڕێوەبردن لە نێوان کەسایەتییە دیارەکانی ئەمڕۆ و دامەزرێنەرانی دوێنێی کۆمار هەبووە، بەڵام هەرگیز ئەمە بەو واتایە نیە کە هیچ یەک لەو باڵ، بەرە یان هاوپەیمانیانەی کە بوونیان هەبووە و هەیە باسێک یان ئەندێشەیەکی جیا لە بازنەی فەرمانڕەوایی کۆماری ئیسلامیان نەبێت، بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە سەرەتاکانی هاتنەسەر کار و چەسپاندنی حوکمڕانی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەو ڕاستیە زۆر بە بەرجەستەیی بە دی دەکرێت، کە ئایەتوڵا خومەینی و کابینە کاتیەکەی ئەندازیار مەهدی بازەرگان لە سەرەتادا ڕەزامەندی یان لە سەر بوونی ئایدۆلۆژیا و دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان نیشان داوە بۆ ئەوەی لە حکومەتە نوێیەکەی ئێراندا بە ئازادانە چالاکی کۆمەڵایەتی و سیاسیان هەبێت، بەڵام ماوەیەکی کەم پاش گشت پرسی لە سەر شێوازی حوکمڕانی لە بەرواری ٣٠ و ١٩٧٩/٣/٣١ و سەرکەوتنی ویستی پیاوانی مەزهەبی لە ئێران، بە ڕێژەی (%٩٨.٢) دەنگەکان و پاش ماوەیەکی زۆر کەم لە داڕشتنەوەی میکانیزم و چۆنیەتی بەڕێوەبردن، لە یەکەمین خولی هەڵبژاردن و پاش سەرکەوتنی سەید حەسەنی بەنی سەدر، هەست کردنی پیاوانی مەزهەبی بەو مەترسیانەی کە ئەگەر بەنی سەدر بەردەوام بوایە زیانی بە ئایندەی کۆمارەکەیان دەگەیاند، بۆیە هەر زوو بەرە مەزهەبییەکەی پەرلەمان کە ئەو ڕۆژانە کەم نەبوون، متمانەیان لە سەرۆک کۆمار وەرگرتەوە، هەرچەندە کە ڕێکخراوی موجاهدینی خەلقی ئێرانی، تەنانەت لایەنە چەپەکانی وەک تودەییەکان و کۆمۆنیست و حیزبە نەتەوە پەرەستەکانی و ڕێکخراوە فمنیستیەکان، بە گشتی نا، بەڵام بە شیوەیەکی بەرچاو و بە هیواوە، لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا بوون، بەڵام ڕۆژ بە رۆژ زیاتر هەستیان بە پەراوێز کەوتنیان دەکرد، بە ووتەی زۆرێک لە چاودێرەکان، ئەو ڕۆژانە ئێرانیەکان تەنها یەک مەبەستیان هەبوو لە پشتگیری کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەویش سیستەمی کۆماری بوو، کە پاش نزیکەی دو هەزار و پێنج سەد ساڵ بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئێراندا هاوڵاتی حکومەت بەڕێوەببات. پاش لادانی بەنی سەدر لە پۆستەکەی و ڕوداوە ئەمنیەکانی ناوخۆ کە لەگەڵ خواستی هاوڵاتی ئێرانیدا نەدەگونجا، لەبەر ئەوەی دروشمی سەرەکی لایەنە دژەکانی حکومەتی پەهلەوی ئاوەدانی بوو، بۆیە زۆرتر لایەنە جیاوازەکان بیریان لە سەقامگیری ئێران دەکردەوە.

لە سەرەتاکانی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و پاش دەرکەوتنی پاشەکشە کردنی ئایەتولا خومەینی لە بەڵێنەکانی بەرامبەر بە پارت و ڕێکخراوە سیاسی و جەماوەرییەکان و

هاوڵاتیانی ئازادیخوازی ئێرانی، پاش ئەوەی بێ متمانەییەکە لە نێوانیاندا سەری هەڵدا، کۆماری ئیسلامی ئێران کەوتە دژایەتیکردن و دور خستنەوەی سەرجەم ئەو کەسانەی کە ڕوانینیان بۆ سیستەمی کۆماری و کۆماری ئیسلامی ئێران جیاوازە.
لەو کاتەوە تا ئەمرۆ لە نێو پیاوانی مەزهەبی ئێرانیشدا ڕای جیاواز لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردن هەیە، ئەگەر چی هەتا پێش هاتنە سەرکاری خاتەمی کەمتر هەست بەوە دەکرا لە نێو حکومەتە مەزهەبیەکەی ئێراندا، بەڵام دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کە هەر لە سەرەتاکانی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران، توێژێکی روناکبیری مەزهەبی هەن، کە پشتیوانی گۆڕانکاری لە پەیکەری دەسەڵاتداری پیاوانی مەزهەبی و سەرچاوەکانی بڕیاری مەزهەبی دەکەن، بە پێچەوانەوەی حاکمەکانی ئەمڕۆی ئێران، ئەوانە هەڵگری بیری گەل سالاری و مافی مرۆڤن.
سەرەڕای کارکردنی چەندین دامەزراوە و ڕێکخراو پارتی سیاسی لە ناوخۆی ئێراندا (بە پێی یاساکانی کۆماری ئیسلامی) بەڵام بە گشتی دوو بەرەی سەرەکی لە سەر ئاستی سیاسەت و بەڕیوەبردن لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا بوونیان هەیە، کە سەرجەم ئەو دامەزراوە و ڕێکخراوانەیان بەسەردا دابەش دەبێت .

## ئوسوڵگەراکان (موحافیزکارەکان)

بەرەی ئوسوڵگەرای کۆماری ئیسلامی ئێران: ئەوکەسایەتیانەن کە لە هەوڵی پاراستنی پەیکەری دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی ئێرانن، دژی هەرجۆرە گۆڕانکارییەکن کە لە بونیادی ئایینی و مەزهەبیدا بکرێت لای خۆیانەوە خۆیان بە بونیادگەرا یان ئوسوڵگەرا پێناسە دەکەن.
پێشینەی سیاسی
ئەم بەرە خۆیان بە پەیڕەوی بێ چەند و چوونی هێڵی ئیمام خومەینی دەزانن و کار بە بنەماکانی سەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی دەکەن، بێ گوێدانە ئەو گۆڕانکارییانە کە لە ماوەی ڕابردوودا لە وڵاتدا هاتۆتە کایەوە.
بەڵام پاش سەرکەوتنی "سەید موحەمەدی خاتەمی" لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٧ کە لایەنگرەکانی دەستەواژەی ڕیفۆرمخوازەکانیان بە کاردەهێنا لە بری ناوهێنانی کەسایەتی و ڕێکخراو و لایەنگرانی، بە هەمان شێوە "پارێزگارەکان" دەستەواژەی ئوسوڵگەراکان بۆ ناوبردنی خۆیان بەکار هێنا.

## دامەزراوەکانی موحافیزکارەکان

لە پاش سەرکەوتنی ریفۆرم خوازەکان لە هەڵبژاردنە سەرۆک کۆمارییەکەی ساڵی ١٩٩٧ پارێزگارەکان لەو بڕوایەدا بوون کە ڕیفۆرم خوازەکان لە بنەماکانی شۆڕشی ئیسلامی واتە لە دەستور و ولایەتی فەقیهـ و ڕابەرایەتی "ڕۆحوڵا خومەینی" و ڕابەرایەتی "سەید عەلی خامنەیی" دوور کەوتوونەتەوە و جارێکیتر پێداچوونەوەیان کرد بە سەرجەم ڕێکخستنەکانی خۆیاندا.

دیارترین دامەزراوەکانی ڕێکخستنەکانی موحافیزکارەکان ئەمانەن:

- کۆمەڵی پیاوانی ئایینی تێکۆشەر
- پارتی موئتەلەفەی ئیسلامی
- کۆمەڵی ئیسلامی ئەندازیاران
- کۆمەلەی فیداکارانی شۆڕشی ئیسلامی
- کۆمەڵەی زەینەب
- ئەنجومەنی ئیسلامی پزیشکان
- کۆمەڵەی ئیسلامی کاسبکارانی تاران
- کۆمەڵەی ژنانی شۆڕشی ئیسلامی
- کۆمەڵەی فیداییانی ئیسلام
- ئاوەدانکەرەوەکانی ئێرانی ئیسلامی

بەرەی یەکگرتوی موحافیزکارەکان، بە گشتی بەرەی موحافیزکارەکان لە سەر بنەمای دیدگاکان دابەش کردووە بە سەر چوار لقی سەرەکی:

**یەکەم**: ئوسوڵگەرا سونەتیەکان

**دووەم**: ئوسوڵگەرا نوێ خوازەکان

**سێیەم**: ئەو ئوسوڵگەرایانە کە پاڵپشتی لە ئەحمەدی نەژاد دەکەن

**چوارەم**: ئوسوڵگەرا سەربەخۆکان

دەتوانین بڵێین کە ئوسوڵگەراکانی ئێران لەم سێ گروپە پێک دێن:

**یەکەم**: بەشی زۆری خاوەن پێشینەکان، ئەو دەستەیە کە پەیڕەوی هێڵی ئیمام "خومەینی" و ڕابەرایەتی "سەید عەلی خامنەیی" دەکەن و خۆیان بە میانڕەو دەناسێنن وەک "کۆمەڵەی زەینەب".

**دووەم**: دەستەی خوازیاری گۆڕانکاری و کۆمەڵەی فیداکارانی ئێرانی ئیسلامی کە دوو یان سێ حیزبیان هەیە.

**سێیەم**: ئەو دەستەی کە پاڵپشتی لە "مەحمودی ئەحمەدی نەژاد" دەکەن کە لە کۆمیسیۆنی نۆیەمین خولی هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی گۆڕدرا بە ڕێکخستنی سیاسی و حیزبێکیان بە ناوی "بەرامەی خۆشی خزمەت" لێ دامەزراند.

## موحافیزکارەکان و هەڵبژاردنەکانی ٢٦ ی شوباتی ٢٠١٦ (١٣٩٤/١٢/٧)

ئوسوڵگەراکان پاش مەرگی مەهدەوی کەنی و حەبیبوڵای عەسکەر ئەولادی (سەرکردە دیارەکانی موحافیزکارەکان) و نەبوونی سەرکردایەتی هاوبەش لەم هەڵبژاردنەدا، دوچاری کێشەی جۆربەجۆر بوون لەسەر بە دەست هێنانی کورسیەکانیان لە هەڵبژاردنەکان، ئەنجومەنی شورای ئیسلامی و ئەنجومەنی شارەزایان ، لە لایەکی ترەوە هاوپەیمانی سەید موحەمەدی خاتەمی و ئەکبەری هاشمی رەفسەنجانی و حەسەن ڕۆحانی و سەید حەسەنی خومەینی جۆرێک لە یەکرِیزی لە ئۆردوگای ریفۆرمخوازکان و میانڕەوەکاندا هێنایەکایەوە، لەبەرامبەردا ئوسوڵگەراکان هاوپەیمانیەکیان لە ژێر ناوی هاوپەیمانی گەورەی ئوسوڵگەراکان بە رابەرایەتی "حەدادی عادل" ڕاگەیاند. کە زۆرترینی ئوسوڵگەراکان ڕەزامەندییان لەسەر دەربڕی. لە ئەنجامدا ئوسوڵگەراکان لەم هەڵبژاردنەدا تووشی شکستێکی قورس بوونەوە لە تاران، بە جۆرێک کە "حەدادی عادل" سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی گەورەی ئوسوڵگەراکان و پاڵێوراوەکانی تری لیستەکە لە پشتی دەرگاکانی خولی دەیەمی پەرلەماندا مانەوە.

## ڕیفۆرم خوازەکان

ئایدۆلۆژیای ریفۆرمخوازەکان: گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کە یاسا سەروەری بکات، گەیشتن بە هاوڵاتی سالاری ئایینی، ئازادی، هزر سالاری، دورکەوتنەوە لە چەقبەستوویی و بایەخدان بە گرفت و خواستەکانی لاوان.

ڕیفۆرم خوازەکان یەکێکن لە دوو بەرە سەرەکیە کە لە ناوخۆی ئێراندا کاری سیاسی ئەنجام دەدەن ئەم بەرەیە پاش کۆتایی هاتنی ماوەی سەرۆکایەتیە هەشت ساڵەکەی هاشمی رەفسەنجانی و لەساڵی١٩٩٧و سەرکەوتنی سەید موحەمەدی خاتەمی لە حەوتەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆماردا، کە زیاد لە بیست ملیۆن دەنگی بەدەست هێنا هاتنە گۆڕەپانی دەسەڵاتداری ئێرانەوە، ئەم بەرەیە بە هۆی سەرکەوتنە چاوەڕواننەکراوەکەیان لە هەڵبژاردنەکەی ١٩٩٧/٥/٢٣ (ڕۆژی ٢ی خورداد "مانگی جۆزەردان")

بە بەرەی دووی خورداد ناسێنران، بەمشێوەیە ڕیفۆرمخوازەکان توانیان هەشت ساڵ سەرۆکایەتی کۆمار و چوار ساڵ زۆرینەی نوێنەرەکانی ئەنجومەنی شورای ئیسلامییان لەبەردەستدا بێت، لاوازی ریفۆرمخوازەکان لە پاش دووەمین خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەکانەوە دەرکەوت و بە هەمان شیوە لە خولی حەوتەمی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی و پاشان لە نۆیەمین خولی سەرۆکایەتی کۆمار کاتێک کە مەحمودی ئەحمەدی نەژاد سەرکەوتنی بە دەست هێنا، بە تەواوەتی دەرکەوت، بەڵام پاش سەرکەوتنی حەسەن ڕۆحانی، لە یانزەیەمین خولی هەڵبژاردنەکان، جارێکی تر ڕیفۆرمخوازەکان بە قورساییەکی باشتی لە ڕابردووە هاتنەوە گۆڕەپانی دەسەڵاتداری.

## ڕێکخستنەکانی ڕیفۆرمخوازەکان

بازنەی کار و هاوبەشی کردنی هەموو ئەو کەسایەتیانەی کە کار بۆ سەر خستنی ڕیفۆرم و بیری ڕیفۆرمخوازی ئاینی و سیاسیان هەیە لە ناوخۆی ئێراندا دابەش دەبن بەسەر ئەم ڕێکخستنانەی خوارەوە:

- بەرەی بەشداری خەڵکی ئێران
- پارتی متمانەی نیشتیمانی
- ڕێکخراوی شۆڕشگێڕانی شۆرشی ئیسلامی ئێران
- کۆمەڵەی مەلا تێکۆشەرەکان
- پارتی ئیسلامی کار
- کۆمەڵەی هێزەکانی پەیرەوی هێڵی ئیمام
- پارتی خزمەتگوزارانی بونیادنان
- کۆمەڵەی مودەرسین و لێکۆڵەرەوەکانی حەوزەی علمیەی قوم
- ڕێگای سەوزی هیوا
- پارتی خەڵک سالاری
- پارتی یەکێتی گەلی ئێرانی ئیسلامی
- بانگی ئێرانیەکان

## شکستی موحافیزکارەکان

بەر لە خولی ئێستا، موحافیزکارەکان سێ خولی بەردەوام توانیان زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمان بە دەست بهێنن و سەرەڕای تێبینیەکانیان لە سەر پێک هێنانی لیست و میکانیزمی بە دەست هێنانی ڕەزامەندی دەنگدەری ئێران، بەڵام هەرگیز بیریان لەوە نەکردەوە کە لە تارانی پایتەختدا نەک سەرکەوتن بە دەست نەهێنن، بەڵکوو سەرۆکی لیستەلەشیان نەتوانێت بچێتە پەرلەمانەوە. جامعتین کە پێک هاتووە لە کۆمەڵەی ملا تێکۆشەرەکان (جامعە ڕوحانیون مبارز) و کۆمەڵەی مامۆستایانی حەوزەی زانایانی قوم (جامعە مدرسین حوزە علمیە قم) ڕابەرایەتی بەرەی موحافیزکار دەکەن، بەڵام لە ماوەی ڕابردوودا هەمیشە دابڕان و پەیوەست نەبوون بە بڕیاری هاوپەیمانیەکانیان لە ناوخۆدا ئاستەنگی بۆ دروست کردوون، لەوانە لە هەڵبژاردنی خولی ئێستای پەرلەمانی ئێراندا فراکسیونی پەیڕەوان لەو هەڵبژاردنەدا بە شێوەی سەربەخۆ، بەڵام بە پاشگرێتی محافیزکارەکان بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کرد کە ئەمە گرفتێکی لە ناو ئۆردوگای موحافیزکارەکاندا هێنایە کایەوە، بەڵام ئەمە لای زۆرێک لە ڕێفۆرمخوزەکان بە خاڵی بەهێزی موحافیزکارەکان لە قەڵەمدرا لە بەر ئەوەی دەنگدەرێکی زیاتر لە ئۆردوگاکانی ڕیفۆرمخوازەکان دور دەخەنەوە.

محمودی ئەحمەدی نەژاد کەتوانی لە خولەکانی نۆیەم و دەیەمدا سەرکەوتن بە دەست بهێنێت لە بەرەی موحافیزکاری کۆماری ئیسلامی ئیران بوو و لە لایەن خامنەییەوە ڕاستەوخۆ پشتگیری لێ دەکرا، بەڵام هەڵئاوسانە ئابوورییەکانی حکومەتەکەی لە ناخۆدا و دروست کردنی گرفتە یەک لە دوای یەکەکانی، لە سیاسەتە نێودەوڵەتیەکان و هەموو ئەو تەحەدا سەربازییانەی کە بە پشت بەستن بە ڕابەر ئەنجامی دەدا، ئێرانی لە ساڵانی ڕابردوودا دوچاری کێشەی نێودەوڵەتی بەگشتی و بەتایبەتی لە ناوخۆدا گەنجانی بێ هێوا کرد لە موحافیزکارەکان.

## هاوپەیمانی ڕیفۆرمخوازەکانی ئێران ٢٠٠٧

بە هاوپەیمانی ڕیفۆرم خوازەکانی ئێران لەگەڵ بەشێک لە سەکردایەتی و وەفدی حیزبەکان و دەستە پەیوەستەکانی سیستەمی سیاسی ئێران دەوترێت، کە لە کۆتایی زستانی٢٠٠٧ (ڕیزبەندی مانگە کوردییەکان) هاوپەیمانێتییەکەیان ڕاگەیاند. ئەم هاوپەیمانیە پێک هاتبوو لە بیست و یەک حیزب و دەستە و گروپ و مەبەستی سەرەکیان وەک ئەوەی کە

ووتەبێژەکەیان ڕایگەیاندبوو: بونیادنانەوە و بەهێزکردنی ئەنجومەنی شورا(پەرلەمان) و کۆنترۆڵ کردنی زیادەڕەوییەکانی دەوڵەتە.

## هەڵبژاردنی دەیەمین خولی سەرۆکایەتی کۆمار و ڕیفۆرمخوازەکان

لە هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرۆکایەتی کۆمار لە ٢٠٠٩/٦/١٢ لە نێوان سەرجەم پاڵێوراوەکانی ڕیفۆرم خوازەکاندا ئەنجومەنی پاراستن تەنها شایستەیی دوو پاڵێوراوی پەسەند کرد، کە ئەوانیش میرحسێنی موسەوی و مەهدی کەڕوبی بوون و لەگەڵ مەحمودی ئەحمەدی نەژاد کەوتنە ڕکابەرییەوە، بۆ بەدەست هێنانی زۆرترین دەنگ، لەم هەڵبژاردنەدا کە بە پێی ڕاگەیاندنی وەزارەتی ناوخۆ و ئەنجومەنی پاراستن، مەحمودی ئەحمەدی نەژاد بە براوە و سەرۆک کۆماری نوێ ڕاگەینرا، ئەمەش ناڕەزایەتی بەرفراوانی دەنگدەرانی ئێرانی بە تایبەتی لایەنگرانی بەرەی ڕیفۆرمخوازی لێکەوتەوە، هەروەها میرحسێنی موسەوی ڕایگەیاند، کە ڕێکخستنێک بە ناوی ڕێگای سەوزی هیوا دادەمەزرێنن و خۆی و سەید موحەمەدی خاتەمی و مەهدی کەڕوبی ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی دەبن و مەبەست لێی بونیادنانی حوکمڕانی گەل سالاری، ئازادی، پێشکەوتن و کۆماری ئیسلامی ڕاستەقینەیە لە سەر بنەمای خواستەکانی "سەید ڕوحولا خومەینی" و هاولاتیان، سەرەکیترین پشتیوانەکانی ئەو ڕێگایە دەبن. هەر بۆیە لە نێو میدیا و لایەنگرانی ڕێفۆرم لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێران بەرەی ڕیفۆرمخواز بە "بزووتنەوەی سەوز" ناو دەبرێت. جێی ئامازەیە کە پاش ئەو ناڕەزایەتییەی، کە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان شارەکانی ئیرانی گرتەوە و بووە هۆی توڕەیی بەشێکی زۆر لە لایەنگرانی موحافیزکارەکان و سەرهەڵدانی ئالۆزییەکان و ڕوبەڕووبونەوەی لایەنگرە لاوەکانی هەردووبەرە و بەرفراوانی ناڕەزایەتیەکانی ڕیفۆرمخوازەکان بە دەر لە شاری تاران، شارە گەورەکانی وەک مەشهەد و ئەسفەهانی گرتەوە و ماوەی نزیکەی هەشت مانگی خایاند، لە ئەنجامدا هێزە چەکدارەکان بە زەبری چەک کۆتاییان بەخۆپیشاندانەکان هێنا و لە ئەنجامدا بە پێی ئامارە نافەرمیەکان ٧٢ کەس کوژراو و ژمارەیەکی تریش بریندار بوون. لەبەرئەوەی کە ترسی دادگاییکردن و زیندانی کردنیان لەسەر بوو، زۆرێک لە برینداەکان سەردانی نەخۆش خانەکانیان نەکردووە، بۆیە ئاماری دروست لە بارەی برینداەکانی ئەو ڕۆژانە لەبەر دەست دا نیە. هەروەها ژمارەیەکی تر لە چالاکوانانی ڕیفۆرمخواز ڕەوانەی زیندانەکان کران و بە شێوازێک دوور لە هەر جۆرە بەهایەک ئەشکەنجە دران کە لە ئەنجامدا بە فەرمانی ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئێران زیندانی کەهریزەک کە ئەو کەسانەی تێدا زیندانی دەکران داخرا.

لە ئەنجامدا بە فەرمانی ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئێران بڕیاردرا بە زیندانی کردنی هەریەک لە میر حسێنی موسەوی و مەهدی کەڕوبی لە ماڵەکانی خۆیاندا. پاش ئەو ڕووداوانە زۆرێک لە کەسایەتیە بەرجەستە ڕیفۆرمخوازەکانیان دەستگیر کران، یان بە شیوازی جۆراوجۆر ناچارکران کە ئێران بە جێ بهێڵن. تا ئەمڕۆش بەشێک لە موحافیزکارەکان داوای دەستگیری ئەو سەرکردە ڕیفۆرمخوازانە دەکەن کە دەستگیر نەکراون. موحافیزکارەکان ئەم ڕوداوانەیان بە ڕەوتی فیتنە و هەریەک لە (سەید موحەمدی خاتەمی و میرحسێنی موسەوی و مەهدی کەڕوبی) بە سەرانی فیتنە ناودەبەن.

## هەڵبژاردنی خولی یانزەیەمی سەرۆکایەی کۆمار

لەم خولەی هەڵبژاردنەکاندا "حەسەن ڕۆحانی" تاکە پاڵێوراوی ڕیفۆرم خوازەکان بوو کە توانی سەرکەوتن بە دەست بهێنێت و ببێتە حەوتەمین کەسایەتی ئێران، کە سەرۆکایەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ئەستۆ بگرێت و جارێکی تر ڕیفۆرم خوازەکان گەرانەوە بۆ سوری دەسەڵاتداری لە ئێراندا و پاش سەرکەوتنی و لە یەکەمین پەیامی خۆیدا "حەسەن ڕۆحانی" سوپاسی هەریەکە لە "سەید موحەممەدی خاتەمی و هاشمی ڕەفسەنجانی" کرد و ڕایگەیاند کە سود لە تواناکانی ڕیفۆرمخوازە پێشکەوتووەکان و موحافیزکارە میانڕەوەکان دەبینێت لە بەڕێوەبردنی کارەکانیدا. هەرچەندە کە ڕۆحانی خۆی بە کەسایەتی میانڕەو پێناسە دەکرد پاش ئەم پەیامە موحافیزکارەکان دڵنیابوون کە دەوڵەتی یانزەیەم دەوڵەتی ڕیفۆرمخوازکانە.

## هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی و خولی پێنجەمی ئەنجومەنی شارەزایان

هەنگاوی دووەم بۆ بەشداریکردن لە خولی دەیەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی و هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی "ئەنجومەنی شارەزایان" پێکهێنانی هاوپەیمانی ریفۆرمخوازەکانی ئێران بوو، کەناوی هاوپەیمانی گشتی ڕیفۆرمخوازەکانی لێنرا. لە ئەنجامدا ئەم هاوپەیمانیە لە لایەن چوار کەسایەتی لەوانە "سەید موحەممەدی خاتەمی موحەمەد ڕەزا عارف، حەسەن ڕۆحانی و ئەکبەری هاشمی ڕەفسەنجانی ڕابەرایەتی کراو لیستێکیان بە ناوی "ئومێد" بۆ ئەم دوو هەڵبژاردنە ڕاگەیاند کە دواتر لەلایەن ئەنجومەنی باڵای سیاسەت دانانی ریفۆرمخوازەکان پەسەند کراو لە تاراندا گەورەترین سەرکەوتنی بەدەست هێنا و لە پارێزگاکانی تریشدا توانیان ١٢٤ کورسی پەرلەمانی بەدەست بهێنن.

## هەڵەی گەورەی ڕیفۆرمخوازەکان

زۆرێک لە دەنگدەران و تەنانەت سەرکردەکانی باڵی ڕیفۆرم لە ئێران لەو بروایەدان کە ڕابەرایەتی کردنی خۆپیشاندەرانی ناڕازی لە هەڵبژاردنە سەرۆک کۆماییەکەی ٢٠٠٩ ڕیسکێکی گەورە بووە، کە لە ئەنجامدا وڵات کەشێکی توندی ئەمنی بە خۆیەوە بینی، بەم هۆیەوە چەندەها کەسایەتی دیار لە بوارە جیاجیاکاندا ئێرانیان بە جێ هێشت و لای زۆرێک لە ئێرانەکان ئەو کەسانە بە سامانی نیشتیمانی پێناسە دەکرێن، لە گەورەترین هەڵەکانی بەرەی ڕیفۆرمخواز لە ماوەی ڕابردوودا، ئەوە بووە کە سەرجەم لێک نزیک بوونەوەکانی ئەم بەرە لەگەڵ ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕێگەی یەک کەسەوە بووە (لە ڕێگەی هاشمی ڕەفسەنجانیەوە بووە کە ساڵی پار کۆچی دوایی کرد) ئەمەش بەردەوام ڕەخنەی توندی کەسایەتیە دیارەکانی ڕیفۆرمی بە دواوە هاتووە، چونکە ئەوان پێیان وایە دەبێت لە چەندین ئاراستەی جیاوازەوە پەیوەندییان بە ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئیرانەوە هەبێت بۆ گەیاندنی ناڕەزایەتی و ڕەخنە و پێشنیارەکانی ڕابەر و باشتر وایە دەستەیەک بۆ سەردانیکردنەکان بۆ لای ڕابەر پێک بهێنرێت و ناوەرۆکی سەردانەکان بە دروستی شی بکرێنەوەو خوێندنەوەی دروست بۆ دیدگاکانی ڕابەر بکرێت، بە جۆرێک کە بەرەی ڕیفۆرم هەمیشە خوێندەوەی دروستی بۆ هەنگاوەکانی دواتری موحافیزکارەکان هەبێت کە هەمیشە خۆیان بە پەیڕەویکردن لە ڕابەر وەسف دەکەن.

بەرەی ڕیفۆرمخواز پاش شکستە یەک لە دوای یەکەکانی کابینەکانی ئەحمەدی نەژاد و بە تایبەت پاش هاوپەیمانی ریفۆرمخوازەکان و یەکدەنگی هەریەک لە هاشمی ڕەفسەنجانی و موحەمەدی خاتەمی و حەسەنی ڕۆحانی توانیان کۆتایی بە هەشت ساڵی سەرۆکایەتی کردنی موحافیزکارەکان بهێنن و لە هەڵبژاردنی خولی یانزەیەمی سەرۆک کۆماریدا حەسەنی ڕۆحانی بگەینن بە کۆشکی بەهارستان بۆ بەڕیوەبردنی ئێران، بۆ ماوەی چوار ساڵ. لە ڕوویەکی ترەوە ریفۆرمخوازەکان توانیان لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی و هەروەها دوایین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەزایانی ڕابەرایەتی پێگەی خۆیان بە هیز بکەن بە جۆرێک کە لەم خولەی پەرلەماندا ریفۆرمخوازەکان گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمانیان هەیە. هەروەها ڕۆحانی کە بە پشتیوانی ئاشکرای کەسایەتیە دیارەکانی ڕیفۆرمخوازەکان خولی یانزەیەمی بە دەست هێنابوو، توانی تا ڕادەیەک ئێران لەگۆشەگیری نێودوڵەتی

بهێنێته دەرەوە، بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بسەلمێنێت کە کەسانێک لە ئێراندا هەن، دەیانەوێت بە ئاشتیانە کێشەکانی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و ئێران چارەسەر بکرێت.
هەر لەسەر بابەتی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی پرسی ئەتۆمی ئیران و جارێکی تر خۆ پاڵاوتنەوەی بۆ خولی دوانزەیەمی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار، کە دەکاتە چوارساڵی دووەمی لەو پۆستەدا زۆرێک لە کەسایەتیە دیارە ڕیفۆرمخوازەکان لەسەر ئەو بڕوایە بوون، کە باشتر وایە ڕۆحانی جارێکی تر خۆی بۆ ئەو پۆستە کاندید نەکاتەوە و بەمەش لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە پەیامێکی نوێ بە هاوڵاتیانی ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بگەیەنێت، کە ڕیفۆرمخوازەکان توانیان لە ماوەی چوارساڵدا ئێران لە قوڵایی پرسە ئەتۆمیەکە دەربهێنێن و ئێرانیەکان گەلێکن کە دانوستانیان لا گرنگترە، تاوەکوو ئەو زمانە زبرەی کە لە ماوەی هەشت ساڵی پێش ڕۆحانیدا بە ناوی گەلی ئێراندا دوژمنی بۆ ئێران دادەتاشی، لەوەش گرنگتر ئەوە بوو کە لەسەر ئاستی ناوخۆ کۆتایی بەو کلتورە بهێنرێت کە دەبێت هەر کەسێک کە بوو بە سەرۆک کۆمار هەشت ساڵ واتە دوو خولی یەک لەدوای یەک سەرۆکایەتی وڵات بکات.

## هەڵبژاردنی خولی دوانزەیەمی سەرۆک کۆمار

بڕیارە ڕۆژی ١٩ی ئایاری ساڵی ٢٠١٧ دوانزەیەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار لە ئێران بەڕێوە بچێت. وەزارەتی ناوخۆ ڕایگەیاند بۆ هەڵبژاردنی خولی دوانزەیەمی سەرۆکایەتی کۆمار ٥٦ میلیۆن و ٤١٠ هەزار ٢٣٤ کەس مافی دەنگدانیان هەیە کە لەم ژمارەیە ١ میلیۆن و ٣٥٠ هەزار و ٢٩٤ کەس یەکەمجارە کە بەشداری هەڵبژاردن دەکەن.

پاش ئەوەی ١٦٣٦ کەس خوازیار بوون بەشداری هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار بکەن و پاش لێکۆڵینەوە لەو ناوانە و لێکوڵینەوە لە دۆسیەکانیان، ئەنجومەنی پاراستن بڕیاری دا کە لەو ژمارەیە تەنها شەش کەس مافی خۆ پاڵاوتنیان هەیە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار، یەکێک لەوانە حەسەن ڕۆحانیە کە ئێستا دوایین ڕۆژەکانی چوارساڵی یەکەمی سەرۆک کۆماری خۆی بەڕێوەدەبات هەرچەندە کە محمود ئەحمەدی نەژاد خوازیار بوو کە جارێکی تر بچێتەوە گۆڕەپانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار، بەڵام لە بڕیارێکی سەیردا ئەنجومەنی پاراستن بە هۆی نەبوونی شایستەیی بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار متمانەی بە مەحمود ئەحمەدی نەژاد نەبەخشی بۆ ئەوەی خۆی بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار بپاڵێوێت، هەڵبەت دەبیت ئاماژە بەوە بدەین کە لە سەروبەندی تۆمارکردنی ناوی ئەو کەسانەی کە خوازیار بوون بەشداری خولی

یانزەیەمی هەلبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار بکەن، بەر لە چوار ساڵ هاشمی ڕەفسەنجانی کە پێشتر هەشت ساڵ سەرۆک کۆماری ئێران بوو، هەروەها لە پاش تەواوکردنی ماوەی سەرۆکایەتی کردنی تا ڕۆژی مردنی سەرۆکی (ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران)بوو لە لایەن ئەنجومەنی پاراستنەوە بەهۆی نەبوونی شایستەیی سەرۆک کۆمارەوە ڕێگەی پێنەدرا خۆی بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار بپاڵێوێت، کە ئەمەش قسەوباسی زۆری لە نێو هاوڵاتیانی ئێراندا هێنایە ئاراوە، لە گرنگترین ئەو پرسیارانە کە لە میدیاکاندا وروژێنرا ئەوە بوو: ئایا ئێران شانزە ساڵ لە لایەن دوو کەسی ناشایستەوە سەرۆکایەتی کراوە؟ ئایا سەرۆکی دامەزراوەیەکی هەستیاری وەک "ئەنجومەنی دیاریکردنی بەژەوەندیەکانی کۆماری ئیسلامی کەسێکی ناشایستەیە؟" لە بەرامبەردا ئەنجومەنی پاراستن داوای لە لایەنەکان کرد کە پەیوەست بن بە بڕیارەکانی ئەنجومەنەکەوە و هیچ وەڵامێکی دروست نەدرایەوە بە ڕای گشتی لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا.

## پاڵێوراوانی هەڵبژاردنی خولی دوانزەیەمی سەرۆکایەتی کۆمار

پاش ووردبینی لە ناوی خوازیاران بۆ ئەم خولە لە لایەن ئەنجومەنی پاراستنەوە تەنها شایستەیی شەش کەس پەسەند کراوە کە لە خوارەوە بە کورتی پێناسەی هەریەکەیان دەکەین:

### حەسەن رۆحانی

حەسەن ڕۆحانی کە پێشتر ناوی حەسەنی فەریدون بوو، سیاسەتمەداری ئێران لە دایک بووی ١٩٤٨/١١/١٢ لە قەزای سوخەی پارێزگای سمنانە، سەرۆک کۆماری ئێستای ئێران و مامۆستای توێژینەوە بووە لە ناوەندی توێژینەوە ئستراتیژییەکان، نوێنەری تاران بوو لە ئەنجومەنی شارەزایان لە ساڵی ١٩٩٩ تا ئێستا و ئەندامی ئەنجومەنی دیاریکردنی بەژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو لە ساڵی ١٩٩١ تا ئێستا، سکرتێری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتیمانی و سەرۆکی تیمی دانوستانی ئەتۆمی ئێران بووە لەگەڵ ئەڵمانیا و فەرەنسا و بەریتانیا و بڕیاردەری باڵای تیمی ئێرانی بووە. لە ساڵی ١٩٨٩ تا ٢٠١٣ ئەندامی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتیمانی بووە وەک نوێنەری ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئێران و لە ساڵی ١٩٩٢ تا ٢٠١٣ سەرۆکی ناوەندی لێکۆڵینەوە ئستراتیژییەکانی ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی بووە.

ڕۆحانی بە درێژایی پێنج خول ئەندامی پەرلەمانی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو لە خولەکانی چوارەم و پێنجەمدا جێگری سەرۆکی پەرلەمانی ئەو وولاتە بووە ، لە ٢٠١٣/٤/١١ بە فەرمی خۆی وەک پاڵێوراوی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار ناساند و بە دروشمی کابینەی "چارەسەر و هیوا" و بە لۆگۆی کلیلێک لەسەر ڕەنگی وەنەوشەیی بەشداری خولی یانزەیەمی هەڵبژاردنەکەی کرد، لە ئەنجامدا پاش بە دەست هێنانی ١٨٦١٣٣٩٩ دەنگ وەک حەوتەمین سەرۆک کۆماری ئێران هەڵبژێردرا.

هەرچەندە کە حەسەن رۆحانی خۆی بە میانڕەو دەناساند، بەڵام لە لایەن ڕیفۆرمخوازەکانەوە پشتگیری دەکرێت بە چەشنێک کە ڕیفۆرمخوازەکان بە پاڵێوراوی خۆیانی دەزانن.

## موحەمەد باقر قالیباف

یەکێکە لەو کەسایەتیە ڕیفۆرمخوازانە کە بەردەوام لە خزمەتی عەلی خامنەیی ڕابەردایە. لە دایکبووی ١٩٦١/٨/٢١ لە هەژدە ساڵیەوە پەیوەندی دەکات بە سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ساڵی ١٩٨٢ دەبێتە فەرماندەی لەشکری نەسری خوراسان، پاش شەری ئێران –عێراق کراوە بە فەرماندەی لەشکری ٢٥ی کەربەلا و لەساڵی ١٩٩٤ بووە بە بەرپرسی قەرارگای بونیادنانەوەی خاتم الانبیا، لە ساڵی ١٩٩٧ بە فەرمانی سەید عەلی خامنەیی کراوە بە فەرماندەی هێزی ئاسمانی کۆماری ئیسلامی ئێران، جارێکی تر و بە فەرمانی خامنەیی لە ساڵی ٢٠٠٠ پۆستی فەرماندەی گشتی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی ئێرانی پێ سپێردرا. لە ساڵی ٢٠٠٤ لە لایەن سەرۆک کۆماری ئەو کاتە (موحەمەد خاتەمی) کراوە بە نوێنەری سەرۆک کۆمار و سەرۆکی کۆمیسیۆنی بەرەنگاربوونەوەی قاچاخی کاڵا و دراو، لە ساڵی ٢٠٠١ توانی بڕوانامەی دکتۆرا لە زانکۆی تاران و بەشی پەروەردەی  مامۆستا بە دەست بهێنێت، لە ساڵی٢٠٠٥ وەک پاڵێوراوی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنی نۆیەمین خولی سەرۆکایەتی کۆماری کرد و نەیتوانی دەنگی پێویست بە دەست بهێنێت، ماوەیەک دوای ئەوە و لە هەمان ساڵدا توانی دەنگی زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی ئیسلامی شاری تاران بە دەست بهێنێت، بۆ ئەوەی ببێت  بە سەرۆکی شارەوانی تاران و پاشان و بۆ خولێکی تر و لە ساڵی ٢٠٠٩ جارێکی تر هەمان پۆستی لە لایەن هەمان ئەنجومەنەوە بوو متمانەی پێ بەخشرا، کە ببێتەوە بە سەرۆکی شارەوانی تاران.

لە پاش ئەو زنجیرە تیرۆرانەی  کە لە ساڵانی کۆتایی سەرۆک کۆماری هاشمی ڕەفسەنجانی و ساڵانی سەرەتای سەرۆک کۆماری موحەمەدی خاتەمیدا روویاندا، لە ناوخۆی ئێراندا ئەم

ڕوداوانە بە (زنجیرە کوشتارەکان) ناسێنراوە. زۆربەی کوژراوەکان لە کەسایەتیە دیارە ڕەخنە گرەکانی کۆماری ئیسلامی بوون، لەوانە جیا لە ژمارەیەک مامۆستای زانکۆ هەریەک لە داریوشی فروهەر کەسایەتی دیار و ناسراوی پێش شۆڕش و پاش شۆڕشی ئیسلامی و هاوسەرەکەی ناڕەزایەتی بەرفراوانی خوێندکارانی زانکۆی تارانی بە دوای خۆیدا هێنا.
داریوشی فروهەر لە سەردەمی سەرۆک وەزیرانی (موحەمەد موسەدق) سەرۆکی حیزبی میلەتی ئێران بوو و لە کابینە ئینتیقالیەکەی مەهدی بازرگان بوو بە وەزیری ڕاوێژکار. ناوبراوکەسایەتیەکی ناڕازی ڕادیکاڵ بوو لە سیستەمی حوکمرانی کۆماری ئیسلامی ئیران. پاش دەستگیری "سەعید ئیمامی" جێگری وەزیری ئیتلاعاتی ئێران (کابینەی سەرۆکایەتی ڕەفسەنجانی) ڕۆژنامەی "سەلام" نامەیەکی نهێنی ئیمامی بۆ "قوربان عەلی دەری نەجەف ئابادی" وەزیری ئیتلاعات بڵاوکردوە، دواتر لە لایەن دادگای روحانیەت بڕیاردرا ڕۆژنامەی سەلام بۆ ماوەی پێنج ساڵ دابخرێت کە ئەمەش ناڕەزایەتی شەقامی ئێرانی بە گشتی و خوێندکارانی زانکۆی تارانی لێ کەوتەوە، یەکێک لەو فەرماندانەی سوپای پاسداران، کە بەشداری دیاری هەبوو لە سەرکوت کردنی خوێندکارانی زانکۆی تاران، قالیباف بوو، کە بە بەرگی ئاساییەوە هێزەکانی خۆی خستە ڕیزی خۆپیشاندەران و لەو پەلاماردانانەی سوپادا تەنانەت بەشە ناوخۆیی خوێندکارە بیانییەکانیش کرایە ئامانج، لە ئەنجامدا زیاتر لە حەوت خوێندکار کوژران، زیاتر لە سێ سەد خوێندکار دەستگیر کران، هاوکات چیرۆکی جۆراوجۆر لەسەر ئەشکەنجەی خوێندکاران بڵاوکرایەوە، لە لایەن ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیەوە، ئەمە یەکێکە لەو خاڵە هەرە لاوازانەی کە بەردەوام لە سیمینار و کۆڕ و چاوپێکەوتن و دیبەیتەکاندا ڕوبەڕووی موحافیزکارەکان بە گشتی و بە تایبەتی قالیباف دەبێتەوە.

## سەید ئیبراهیمی رەئیسی

لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٠ ـە، کەسایەتی ئایینی بەرەی موحافیزکاری کۆماری ئیسلامی ئێرانە خۆی بە ساداتی حسێنی (حسێنی کوری عەلی ئەبی تالب) دەزانێت و پاش کۆتایی هاتنی خوێندنی سەرەتایی دەچێتە حەوزەکانی پەروەردەی ئایینی، پاش ماوەیەک بۆ برەودان بە خوێندنی ئایینی دەچێتە شاری قوم، لە سەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی ئێران بارودۆخی شاری "مەسجد سولەیمان" وەک خواستی ئایەتوڵا خومەینی نابێت کە ئەوکاتە گروپە چەپ و کۆمۆنیستەکان ئەم شارەیان بە شێوەیەک خستبووە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان، بۆیە ئایەتوڵا خومەینی " شێخ هادی مەروری" وەک نوێنەری خۆی دەست نیشان دەکات، بۆ ئەوەی بچێتە شاری مەسجد سولەیمان تاوەکوو بتوانێت کۆنترۆڵی بارودۆخی ئەو شارە بکات پاشان

ئیبراهیم رەئیسی لە لایەن مەرورییەوە وەک هاوکار دەستنیشان دەکرێت و لە دوای گەیشتنیان بۆ شاری مەسجد سولەیمان و پاش ماوەیەک توانرا ڕوبەڕووی ئەو گروپانە ببنەوە، ئەویش لە ڕێگەی برەودانی کلتوری مەزهەبی و دەستگیرکردن و...هتد. هەر لەو ڕووداوانەدا یەکەمین بەستەری ڕەئیسی و دەسەڵاتی دادوەری دروست بوو، بەڵام بە شێوەیەکی دیار لە ساڵی ١٩٨٠دەستی پێکرد کاتێک لەو ساڵەدا بە جێگری سەرۆکایەتی دادگای شاری کەرەج دەست نیشانکرا، بەڵام پاش ماوەیەکی زۆر کەم لە دەست بە کاربوونی لەو پۆستەداو بە بڕیاری سەرۆکایەتی گشتی دادگای وڵات دەبێت بە سەرۆکی دادگای کەرەج، دوو ساڵ دواتر بەرپرسیارێتی سەرۆکایەتی دادگای شاری هەمەدانیشی پێ سپێردرا، چوار مانگ بەرپرسیارێتی هەردووشاری لە ئەستۆ بوو تا ئەو کاتەی کە بە فەرمی دەستنیشانکرا بە سەرۆکی دادگای شاری هەمەدان و ماوی سێ ساڵ لەو پۆستەدا مایەوە(١٩٨١-١٩٨٤) لە ساڵی ١٩٨٤ گەرایەوە پایتەخت و بوو بە جێگری سەرۆکی دادگای باڵای شۆڕش لە تاران.
پاش سێ ساڵ کار کردن لەم پۆستەدا توانی ڕەزامەندی ئایەتوڵا خومەینی لە سەر شیوازی بەڕێوەبردنی کارەکانی بە دەست بهێنێت و بە سێ فەرمانی یەک لە دوای یەکی (١.٢.٣) خومەینی ڕەئیسی سەرپشک کرد کە بەدەر لە دەسەلاتە فەرمیە یاساییەکانی، بەپرسیارێتی بارودۆخی پارێزگاکانی لوڕستان و کرماشان و سمنان بەڕێوەببات (ئەو دەسەڵاتەی کە پێی بەخشرا بەدەر لە یاساکانی دەسەڵاتی دادوەری بوون) مەبەست لەم سەرپشک کردنە ڕوبەڕوو بوونەوەی هەموو ئەم کەسانە بوون کە ڕای جیاوازیان لەسەر بەڕێوەبردنی وڵات بوو، بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە لە ڕووی سیاسیەوە ئایدۆلۆژیای جیا لە کۆماری ئیسلامیان هەبوو، پاش کۆتایی هێنان بە کارەکانی لەو ناوچانە جارێکی تر لە لایەن ئایەتوڵا خومەینیەوە چەندین دۆسیەی گرنگی پێ سپێردرا، لەوانە دۆسیەی یەکلاییکردنەوەی سەرجەم ئەو زیندانە سیاسیانە، کە لە زیندانەکاندا بوون (لیژنەیەکی چوار کەسی پیک هێنرا بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی زیندانیانی سیاسی، کە ژمارەیان چەند هەزار زیندانیەک بوو، ڕەئیسی یەکێک لە ئەندامە بەهێزەکانی ئەو دەستەیە بوو و لە ئەنجامدا بڕیاردرا بە تیرباران کردن و لەسێدارەدانی بەشێکی زۆری زیندانیەکان، بە جۆرێک کە تەنانەت تەرمەکانیشیان ڕادەستی خێزانەکانیان نەکرایەوە و لە مێژووی سیاسی ئێراندا بە کوشتاری هاوینی ١٣٨٨ ناسێنراوە.
لە پاش مەرگی ئایەتوڵا خومەینی و هاتنە سەرکاری عەلی خامنەیی وەک ڕابەر ڕەئیسی بە سەرۆکی دادگای تاران دەستنیشانکرا و لە ساڵی ١٩٨٨ تا ١٩٩٥ درێژەی بەکار کردن دا لەو پۆستەدا و لە ساڵی ١٩٩٤ تا ساڵی ٢٠٠٤ سەرۆکایەتیی دامەزراوەی لێکۆڵینەوەی گشتی

وڵاتی پێ سپێردرا، هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٤ تاوەکو ٢٠١٤ و بۆ ماوەی دە ساڵ جێگری یەکەمی سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری بووە لە ئێران، بە فەرمانی تایبەتی خامنەیی و لە ساڵی ٢٠١٢ تا بە ئێستا سەرۆکی دادگای رۆحانیەتە. رەئیسی وەک بەهێزترین پاڵیوروی موحافیزکارەکان ئەژمار دەکرێت بەڵام رەئیسی لە دیدگای بەرەی ڕیفۆرم خواز و نەوەی نوێی ئێرانیەوە کۆمەڵێک خاڵی لاوازی هەیە لەوانە:

**یەکەم**: بەشدار و بڕیاردەر بوو لە سەرکوت کردنی هەموو ئەو دەنگانەی کە ڕای جیاوازیان هەبوو لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئیسلامی ئێرانەوە تا ئەمڕۆ.

**دووەم**: کوشتاری زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ١٩٨٨، وەک باسمان کرد رەئیسی یەکێک بوو لە ئەندامە کاریگەرەکانی ئەو لیژنەیە کە بڕیاری بەسەر زیندانیان سیاسیدا دەسەپاند، ئەم لیژنەیە بە لیژنەی مەرگ ناوبانگی دەرکردووە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات.

**سێیەم**: لە ڕوداوی پەلاماردانی خوێندکارانی زانکۆی تاراندا هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و ئیتلاعات بە بێتاوان ڕاگەیەندران، کە ئەو کات رەئیسی سەرۆکایەتی داداگای تارانی دەکرد.

**چوارەم**: پاش ئەوەی کە سەعید ئیمامی جێگری وەزیری ئیتلاعات بە تۆمەتی سەرۆکایەتیکردنی زنجیرە تیرۆرەکان دەستگیر کرا و بە شیوەیەکی سەیر لە زیندانی ئیڤینی تاران گیانی لە دەست دا، ئەو کات دەسەڵاتی دادوەری لە راگەیەندراوێکدا ڕای گەیاند، کە ئیمامی دانی بە تاوانەکانیدا ناوە و بە مادەی پاک کەرەوە لە زینداندا خۆی کوشتووە، ئەوکات رەئیسی سەرۆکی دادگای تاران بوو (ئەوەی جێ ی پرسیارە: ئایا ئیمامی بە تەنیا ئەم تیرۆرانەی ئەنجام داوە؟).

لە گەڵ هەموو ئەمانەشدا ناکرێت ئاماژە بە ئەوە نەدەین کە رەئیسی پشتیوانیەکی بەهێزی هەیە، کە ئەویش بەرەی موحافیزکار بە گشتی و شەخسی عەلی خامنەییە بە تایبەتی و پاڵێوراوێکی بەهێزە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی حەسەن ڕۆحانی.

دروشمی رەئیسی بۆ هەڵبژاردنی خولی دوانزەیەمی سەرۆک کۆمار "کابینەی کار و کەرامەت" ـە کە لە ئێرانیەکان وەک دروشمێکی پۆپۆلیستی باسی لێوە دەکەن.

## سەید موستەفا میر سەلیم

کەسایەتییەکی موحافیزکارە لە تاران لە دایکبووە، لە ١٩٤٧/٦/١٠ لە خێزانێکی مەزهەبی، پاش ئەوەی قۆناغی ئامادەیی لە تاران تەواو دەکات، دەچێتە وڵاتی فەرەنسا بۆ درێژەدان بە خوێندن و لە ساڵی ١٩٧٢ بروانامەی ئەندازیاری بزوێنەر لە زانکۆی پواتیەی فەرەنسا بە دەست دەهێنێت و تا ساڵی ١٩٧٥ لە وڵاتی فەرەنسا دەمێنێتەوە، لەو ساڵانەدا بەشداری کۆڕ

و سیمینار و چالاکی خویندکاره موسوڵمانەکان دەکات، پاش گەرانەوەی بۆ ئێران و لە ساڵی ١٩٧٥ دەبێتە ئەندامی لیژنەی زانستی زانکۆی پۆلی تەکنیکی تاران، لە ساڵی ١٩٧٥ تا ساڵی ١٩٧٩ پۆستی بەڕێوەبەری کۆمپانیای وەبەرهێنانی هێڵی ئاسن (شەمەندەفەر)ی تاران و دەوروبەری پێ سپێردراوە. پاش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی حیزبی کۆماری ئیسلامی، ئەندامی دەستەی ئامادەکاری ریفراندۆم بووە، لە ساڵی ١٩٧٩. کاتێک کە کۆماری ئیسلامی سەرلەنوێ پەیکەری حوکمرانی داڕشتەوە میرسەلیم لە ساڵی ١٩٧٩ کرا بە جێگری سیاسی و کۆمەڵایەتی گشتی وڵات لە وەزارەتی ناوخۆ، هەر لەو ماوەیەدا سەرپەرەشتی گشت پرسی لەسەر دەستوری نوێ  و ئەنجامدانی یەکەم هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار و یەکەمی هەڵبژاردنی مەجلیسی شورای ئیسلامی (پەرلەمان) لە ئەستۆدا بوو، هەروەها هەر لەو ماوەیەدا سەرپەرەشتی گشتی پۆلیس و ڕێکخراوی بەهاناوە چوونی ئاوارەکانی جەنگ و جێگری وەزیری ناوخۆی لە ئەستۆدا بووە. لە ساڵی ١٩٨٢ تا ساڵی ١٩٨٨ لیپرسراوی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار و ڕاوێژکاری سەرۆک کۆمار بووە  (دو خولی سەرۆک کۆماری عەلی خامنەیی). لە ساڵی ١٩٨٨ تا ساڵی ١٩٩٣ ڕاوێژکاری سەرۆک کۆمار بووە لە کاروباری لێکۆڵینەوەکان و لە ساڵی ١٩٩٣ تا ١٩٩٧ بریکاری وەزیری رۆشنبیری بووە. میر سەلیم پاش داخستنی حیزبی کۆماری ئیسلامی و لە ساڵی ١٩٩٣ بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی حیزبی موئتەلفەی ئیسلامی، بۆ ماوەی چەند ساڵێک سەرۆکی ئەنجومەنی ناوەندی ئەم حیزبە بوو و لە ساڵی ٢٠١٥ دا توانی زۆرترین دەنگی ئەنجومەن بە دەست بهێنێت، بۆ ئەوەی لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە، دواجار توانی ڕەزامەندی هەموان بە دەست بهێنێت بۆ ئەوەی کورسیەکەی "عەسکەر ئەولادی" کە سکرتێری ئەو حیزبە بوو بە دەست بهێنێت.

میرسلیم بە بەراورد لە هەریەکە لە رۆحانی، قالیباف و رەئیسی ئەگەری بردنەوەی لە هەڵبژاردنەکەدا لاوازە.

## ئیسحاق جەهانگیری

کەسایەتی ریفۆرمخوازە لە ١٩٥٧/٧/١٠ لە شاری (کوهـ شا) ی سەر بە پارێزگای هورموزگان لە دایک بووە، بڕوانامەی ماستەری لە بواری فیزیا لە زانکۆی کرمان بە دەست هێناوە، ساڵی ١٩٨٠ و پاش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران کرا بە بەرپرسی دامەزراوەی جیهادی بونیاتنانەوە لە قەزای جەیرۆفت و لە ساڵی ١٩٨٤ گوسترایەوە بۆ دامەزراوەی جیهادی

کشتوکاڵ، توانی لە خولی سێیەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان دەنگی دانیشتوانی جەیرۆفت بە دەست بهێنێت و بچێتە ئەنجومەنی شورای ئیسلامی. جەهانگیری لە کەسایەتیە سیاسییە دیارەکانی ئێرانەو لە دامەزرێنەرانی حیزبی کارگوزارانی ئێرانە، لە ساڵی ١٩٩٢ لە لایەن سەرۆک کۆماری ئەوکاتەوە (هاشمی رەفسەنجانی) بە پارێزگاری ئەسفەهان دەستنیشانکرا و لەوێ دەست بە کار بوو، لەسەردەمی کابینەی چاکسازی (موحەمەد خاتەمی)، سەرەتا بە وەزیری کانگا و کانزاکان  و دواتر و پاش تێهەڵکیشکردنی وەزارەتەکان وەک وەزیری پیشەسازی و کانگاکان دەستنیشان کرا. لە ساڵی ٢٠١٣ و پاش سەرکەوتنی حەسەن ڕۆحانی لە هەڵبژاردنی خولی یانزیەم بە جێگری یەکەمی سەرۆک کۆمار هەڵبژێردراوە.

وا پێشبینی دەکرێت کە  جەهانگیری بەر لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان و لە بەرژەوەندی رۆحانی لە هەڵبژاردن بکشێتەوە.

## سەید موستەفا هاشمی تەبا

لە سیاسەتمەدارە دێرینەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە وەک کەسایەتیەکی میانڕەو کار دەکات، لە دایکبووی ١٩٤٦/٤/٣٠ـە لە کابینەکەی موحەمەد جەوادی باهونەردا وەزیری پیشەسازی بووە، لە خولی دووەمی سەرۆک کۆماری هاشمی رەفسەنجانیدا سەرۆکی ڕێکخراوی وەرزش بووە، لە خولی یەکەمی کابینەی چاکسازییەکان (موحەمەد خاتەمی) دا چەند بەرپرسیارێتیەکی پێ سپێردراوە. لە خولی هەشتەمی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماردا خۆی پاڵاوت (بەرامبەر بە موحەمەد خاتەمی) بەڵام کەمترین دەنگی نێو پاڵێوراوەکانی بە دەست هێنا (٢٨٠٩٠ دەنگ)، ئەندامی حیزبی کارگوزارانە لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩ لایەنگری لە میر حسێن موسەوی دەکرد، پاش پەخشکردنی دیبەیتی ئەحمەدی نەژاد و موسەوی بە ئاشکرا ڕایگەیاند کە لەو دیبەیتەدا راستی بەسەر درۆدا سەرکەوت و ئەمەش موحافیزکارەکانی نیگەران کرد.

هەرچەندە کە لە لایەن ئەندامانی بەرەی ڕیفۆرمخوازەوە داوای لێکرا کە لە بەرژەوەندی ڕۆحانی پاشەکشە بکات لە هەڵبژاردنی ٢٠١٧/٥/١٩، بەڵام ناوبراو ڕایگەیاند لە سودی هیچ کەسێک پاشەکشە ناکەم وەک چۆن لە خولی هەشتەم رکابەری خاتەمیم کرد و لە ئەنجامیشدا خاتەمی سەرکەوتنی بە دەست هێنا.

ئەگەری سەرکەوتنی هاشمی تەبا لە هەڵبژاردنی خولی دوانزەیەمی سەرۆک کۆمار زۆر لاوازە.

## ئایا خولی دوانزەیەم دوایین خولی سەرۆکایەتی کۆمارە لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا؟

ئایا هاوکات لەگەڵ گورینی سیستەمی حوکمرانی تورکیا لە پەرلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی، ئێران هیچ گۆڕانکارییەک لە حوکمڕانیدا دەکات؟. "ئایەتولا جەعفەری سوبحانی" لە مەرجەعە دیارەکانی ئێران لە دوایین دیداری خۆی لەگەڵ کۆمیسیۆنی ئاسایشی نیشتیمانی و سیاسەتی دەرەوەی پەرلەمان پێشنیاری کردووە، کە ئێران سیستەمی سەرۆکایەتی خۆی بگۆڕێت بۆ سیستەمی پەرلەمانی، هاوکات عەلی دارابی لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی فیداکاران و جێگری کاروباری پارێزگاکان لە ڕادیو و تەلەفیزیونی ئێران، ڕایگەیاند بۆ کۆتایی هێنان بەو "یارییە گاڵتەئامیز" ە کە یاری بە ئابڕو و شکۆی ئێران دەکرێت لە جیهاندا، دەتوانین دوو کار ئەنجام بدەین، یەکەم یان دەستوور هەموار بکەینەوە، دووەم یان سیستەمی حوکمرانی خۆمان لە سەرۆکایەتیەوە بکەین بە پەرلەمانی.

لە خەرمانانی ٢٠١٦ دا جەهانبەخشی موحەیا نیا لە وتارێکیدا لە پەرلەمان داوای کرد سیستەمی حوکمڕانی لە سەرۆکایەتیەوە بگوڕدرێت بۆ پەرلەمانی، بەڵام هەر زوو نارەزایەتی لایەنگرانی کابینەکەی ڕۆحانی بە دوای خۆیدا هێنا. ڕەنگە ئەگەر جاران ورووژاندنی ئەم باسە کەمتر فەزای سیاسی ئێرانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردبێت بەڵام لە دە ساڵی ڕابردوودا بە تایبەت لە پاش ئەوەی لە ساڵی ٢٠١١ خامنەیی ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئیران لە ووتارێکی گشتیدا ڕایگەیاند، ئەگەر بزانین سیستەمی پەرلەمانی بەسودتر بێت بۆ بەڕێوەبردن هیچ کێشەیەک نیە سیستەمەکشمان بگۆڕێن و کۆماری ئیسلامی ئەم هێڵە ئەندازەییەی ئێستای دەگۆڕیت بە هێڵێکی ئەندازەیی تر" ئەم پرسە بەرجەستەتر دەرکەوت هەڵبەت نابێت ئەوە فەرامۆش بکەین کە کێشە بەردەوامەکان ڕابەر لەگەڵ سەرۆک کۆمارەکان بە تایبەت خاتەمی و رۆحانی یەکێکە لە پاڵنەرانەکان بۆ ئەم پرسە و بە ئەنجام گەیاندنی، هەروەها نابێت ڕوداوەکانی ساڵی ٢٠٠٩ لە بیر بکەین کە ئەوکاتە مەترسیەکان کورسیەکەی خودی ڕابەری گرتەوە، بە چەشنێک کە دروشمەکان زەق بوونەوە بۆ دروشمی دژە خامنەیی، لە ئەگەری گۆڕینی سیستەمدا خامنەیی باشتر دەتوانێت پارێزگاری لە کورسیەکەی بکات، چونکە ئەو کات بردنەوەی زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمان بۆ بەرەی موحافیزکار ئاسانتر دەبێت، چونکە لە بری ئەوەی چەند کەسێک کێبڕکێ بۆ پۆستی سەرۆک

کۆمار بکەن، چەند هەزار کەسێک کار بۆ بردنەوەی زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمان دەکەن، کە دەرفەتی بە دەست هێنانی دەنگی زۆرتر لە سیستەمی پەرلەمانیدا زیاترە، چونکە لەو هەڵبژاردنەدا وێرای ئەوەی کە دەنگ بۆ ئەندام پەرلەمانێک دەدرێت دەنگ بۆ لیستەکەش دەدرێت. (موحافیزکارەکان بەردەوام کێشەی دەست نیشان کردنی کاندیدیان هەیە بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار).

کێشەکانی مەحمودی ئەحمەدی نەژاد و  پەرلەمان و ئەنجومەنی پاراستن، هۆکارێکی ترن بۆ ئەوەی خامنەیی بیر لە گۆڕانکاری لە حوکمڕانی بکاتەوە، مەرگی کەسایەتییە بەرجەستەکانی سەرەتای شۆڕش و تەنیا مانەوەو هاتنە گۆڕەپانی کەسایەتیە نوێییەکان و زیاد بوون و مودێرنە بوونی خواستی دەنگدەرانی ئیرانی لە هۆکارەکانی دیکەی ئەم خواستەن.

خاڵێکی گرنگ  ئەوەیە کە رەئیسی پێشتر ئەگەر بە فەرمیش رای نەگەیاندبێ، بەڵام بەردەوام یەکێک بووە لەو کەسایەتیانەی کە وەک کاندیدی پاش خامنەیی باسی لێوەکراوە، ئایا رەئیسی دەیەوێت سیناریۆکەی عەلی خامنەیی دووبارە بکاتەوە و ببێت بە سەرۆک کۆمارێک کە پاش مردنی ڕابەر پۆستەکەی بە دەست بهێنێت؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە لێکۆڵەرەوە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی ئێران باسی لێوە دەکەن، کە دەشێت ئێران بییەوێت لە ئایندەیەکی نزیکدا گۆڕانکاری لە حوکمڕانی خوێدا ئەنجام بدات، لەبەر ئەوەی ڕەئیسی یەکێک لەو کەسایەتیانەی کە بەردەام وەک  ڕابەری داهاتوو لە کۆڕە نهێنیەکاندا باسی لێوەکراوە، چونکە ناوبراو جێ متمانەترین کەس بووە بۆ ئەو پۆستە و بە درێژایی ئەم ساڵانە هێچ نهێنیەک لە سەر چۆنیەتی بڕیاردان و جێبەجێکردنی بریارەکانی بڵاونەکراوەتەوە و زۆرێک لە کەسایەتیە ئایینەکان پشتیوانی لێ دەکەن . بۆیە دەبێت چاوەڕوانی وەها گۆڕانکارییەک لە داهاتووی  کۆماری ئیسلامی ئێراندا بکەین.

لە کۆتاییدا  بە وورد بوونەوە لە مێژووی کارکردنی سەرۆک کۆمارەکان بەگشتی و کارنامەی سەرۆک کۆمارە ڕیفۆرمخوازەکان بە تایبەتی کارەکانی ڕۆحانی، لە ماوەی چوارساڵی کارکردنیدا، ئەگەر سەرکەوتنی ڕۆحانی بەهێزترین ئەگەر بێت و نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت کە ڕکابەری سەرەکی رۆحانی لەم خولەی هەڵبژاردن یەکێک لە بەهێزترین کەسایەتیە موحافیزکارەکانەکە، ئەویش رەئیسیە، ناوبراو یەکێکە لەو کەسانەی کە ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئیران زۆرترین متمانەی وەک کەسایەتی و وەک بەڕێوەبەر پێ هەبووە و هەیە، رابەر هەرگیز نەیویستووە کە شکست بهێنێت، بەردەوام هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لە ئێراندا لە ئەنجامی سەیری هەبووە خولی یەکەم و کێبڕکێ ی ٩٦ پالێوراو و سەرکەوتنی

بەنی سەدری بێلایەن تاوەکوو شکستی هاشمی رەفسەنجانی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی و موسەوی وەزیری بەرگری ساڵانی جەنگ بەرامبەر بە ئەحمەدی نەژاد.

# سەرچاوەکان


١. فرهنگ جامع سیاسی_ نوشته محمود طلوعی – نشر علم_ ١٣٩٠ شمسی
٢. چرا اصلاحات شکست خورد_نوشته دکتر کاظم علمداری _انتشارات سایه_٢٠٠٨ میلادی
٣. جریان شناسی سیاسی ایران معاصر_ دکتر آیت الله مظفری –نشر پژوهشکده تحقیقات اسلامی_١٣٩٠ شمسی.
٤. علی رضا احمدیان_بازرگان قهرمان ملی است_١٣٨٣_نشر ناشناس
٥. نامه‌های دکتر مصدق –محمد ترکمان _نشر هزاران_١٣٧٠ شمسی
٦. قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران؛

http://ketabnak.com/book/2620...

٧. وبگاه رسمی ریاست جمهوری ایران

http://president.ir/fa/president/functions

٨. همشهری آنلاین

http://hamshahrionline.ir/details/365393/Iran/politics

٩. وبگاه رسمی جامعه روحانیت مبارز

http://rohaniatmobarez.ir/fa/services/1/2

و

http://www.tabnak.ir/fa/news/610890/16-...

١٠. شهید رجایی از ریاست‌جمهوری تا شهادت

http://navideshahed.com/fa/news/313406/...

١١. ویکی پیدیا /ابولحسن بنی صدر

https://fa.wikipedia.org/wiki/...

١٢. وبگاه رسمی شورای نگهبان

http://www.shora-gc.ir/Portal/Home/ShowPage.aspx?Object=News...

و

http://www.shora-gc.ir/Portal/Home/ShowPage.aspx?Object=News&ID...

١٣. احکام تنفیذ رؤسای جمهور

http://www.asriran.com/fa/news/288035...

١٤. وبگاه جنبش راه سبز –جرس

http://www.rahesabz.net/story/91033/

١٥. وبگاه رسمی وزارت کشور

https://www.moi.ir/portal/home/?news/165056/...

١٦. حداد عادل بدترین برای اصولگرایان بود_ دانا فرجی

http://www.entekhab.ir/fa/news/178687/...

١٧. رادیو زمانه_ احمدی نژاد پیروز است

https://www.radiozamaneh.com/?s=...

١٨. وبگاه رسمی روحانی

http://rouhani.ir/zendeginame.php

١٩. سایت روزامه پوشش خبری انتخابات دوازدهم

http://roozame.com/president96

٢٠. ویکی پیدیا / موسوی

https://fa.wikipedia.org/wiki...

٢١. وبگاه رسمی قالیباف

http://ghalibaf.ir/page/biography

٢٢. حوادث کوی دانشگاه

https://fa.wikipedia.org/wiki/...

٢٣. ابراهیم رئیسی

http://raisi.ir/page/biography